
له دۆخی سنوورییەوە تا یاخیبوون:

خوێندنەوەیەکی بوونگەرایانە لە فیلمی «سپای سێبەرەکان»ی ژان پییێر مێلڤیل

تووێژەر: شۆڕش فەرامەرزی[1]، بۆکان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان



١١ی نۆڤێمبەری ٢٠٢٦ سینەما

پوختە

فیلمی سپای سێبەرەکانی ژان پییێر مێلڤیل[2]، یەکێکە لە فیلمە بەرچاوەکانی سینەمای بەرخۆدان، بەڵام بەرخۆدان و خەبات لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە لێک دەداتەوە: لە فیلمەکانی تردا دەرهێنەر زۆرتر دەمانباتە مەیدانی شەڕەوە و ئێمە خەبات و ململانێ بە

[1] ماستەری کۆمەڵناسی و مامۆستای خوێندنگەکانی شاری بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان Faramarzi.shoresh@gmail.com

[2] Jean-pierre Melville

شێوەی بەرچاوەکی و لە مەیدانی شەڕدا دەبینین، بەڵام لەم فیلمەدا دەچینە ژیانی ئاساییی کەسایەتییەکانەوە و دەبینین کە چۆن لەگەڵ گرنگترین و مەترسیدارترین هەڵبژاردنەکانی ژیانیان ڕووبەڕوو دەبنەوە و تووشـــی دۆخیک هاتوون کە بە هیچ لایەکدا دەربازبوونی «خاوێن»ـــیان دەست ناکەوێت و نییە. ئەم وتارە هەوڵ دەدات بە شێوەی شیکاری و تەفسیری دەق، کۆی فیلمی سپای سێبەرەکان، واتە ڕووداو و بریار و دیمەنەکانی لەگەڵ بیردۆزەکانی سێ بیرمەندی ناوداری فەلسەفەی بوونگەرایی، یاسپێرس و سارتر و کامۆ، لێک بداتەوە. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات کە ئەم فیلمە بەگشـــتی جیهانێکی بوونگەرایانە دەخاتە ڕوو و تێیدا کەســـایەتییەکان بەردەوام لە دۆخی ســـنووریی یاسپێرسیدان و ناچارن لەگەڵ مەرگ، بەرخۆدان و خەبات، ڕەنج و ئازار و دواتر گوناح، ڕووبەڕوو ببنەوە و لەوێدا بگەنە سنووری هەبوونی خۆیان و بڕیاری هەبوونی دەربکەن؛ هەروەها لەم فیلمەدا دەبینین کە مرۆڤەکان تەنانەت لە ئەســـتەمترین هەلومەرجیشـــدا ئیمکانی هەڵبژاردنیان هەیە، ئەگەرچی بژاردەکانیان زۆر بەرتەســـک و کەمیش بێت؛ کەوابوو بەم پێیە دەبێت بەرپرسیارێتیی بڕیار و هەڵبژادنەکانیشیان بگرنە ئەستۆ. دوای ئەمانەش دەرکەوت کە تاکەکان لەگەڵ ئەمەشدا کە دەزانن بەرخۆدانەکەیان ئەگەری زۆرە تووشـــی تێکشـــکان بێت، دیســـانیش دەســـت لە تەقەلا هەڵناگرن و دژی ئەم پووچی و بێئەنجامییە سەر هەڵدەدەن و یاخی دەبن.

وشـــە ســـەرەکییەکان: ســـپای ســـێبەرەکان، دۆخی ســـنووریی یاســـپێرس، ئازادی و بەرپرسیارێتیی سارتر، یاخیبوونی کامۆ.

1. پێشەکی

1-1 سەرەتا و خسنەڕووی باس

سینەما بەهێزترین گەیێنەری هونەریی سەدەی بیستەمە و بەردەوام ئامرازێکی کارامە بووە بۆ نواندنەوە و توێژینەوە سەبارەت بە قوولترین کەلەکانی زەینی مرۆڤی سەردەم. لەناو سینەماکارە ناودارەکانیشدا ژان پییێر میلڤیل بەتایبەت بەم شاکارەی دواتری بە ناوی «سپای سێبەرەکان[3]»، پێگەیەکی زۆر تایبەتی هەیە. ئەم فیلمە ساڵی ١٩٦٩ و تا ڕادەیەک بەپێی نیمچەژیاننامەیەکی ژۆزێف کێسێڵ[4] و ئەزموونەکانی ژیانی خودی دەرهێنەر، واتە میلڤیل، دروست کراوە. بابەتی سەرەکیی ئەم فیلمە بەرخۆدانی خەلکی فەڕانسە لەبەرامبەر داگیرکاریی ئاڵمانیای نازییە، بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا بۆ نواندنی ئەو کات و شوێن و ڕووداوە چێ نەکراوە، بەڵکوو دەچێتە ناخی هەبوونی مرۆڤەوە و کۆمەڵێک پرسی هەبوونیی زۆر بنەڕەتی دەخاتە بەر نواندن و توێژینەوە کە بینەر ناچار دەکات بیریان لێ بکاتەوە. لە هەلومەرجێکدا کە مرۆڤ بەئاشکرا نەک وڵاتەکەی، بەڵکوو هەبوونی خۆشی داگیر دەکرێت و بچووکترین دەنگەڵبرین، دەرەنجامەکەی دەبێتە گوللەباران و کوشتنی بێئەملاوئەولا، ئیتر هیچ شتێک هەبوونی مرۆڤ ناپاریزێت و مرۆڤ دەکەوێتە دۆخێکەوە کە نە دریژەدان بە ژیان بۆی ئیمکانی دەبێت و نە بەرخۆدان ئەگەری سەرکەوتنێکی بەرچاوی هەیە؛ لێرەدا مرۆڤ دەبێت چی بکات؟ قارەمانانی ئەم فیلمە لە دۆخی هەڵبژاردنی قورستترین بژاردەکاندان و فیلم بە شێوەیەکی زەق و ڕووت پێمان دەڵێت کە قارەمانێتییەکی ڕۆمانتیک لە ئاردا نییە، بەڵکوو تەنیا سەرهەڵدانێکی بێچارەنووسە و هیچی تر. لە ڕاستیدا لێرەدا هەموو ئەو توێژە پاریزەرانەی فەرهەنگ و ڕەوشتی باو، لەناو چوونە و هیوایەکی ئەوتۆ بوونی نییە. لەم فیلمەدا هیچ نیشانە و وێنەیەکی ڕۆمانتیک لە بەرخۆدان نابینین و بە پێچەوانە، خەباتکاران کەسانێکی مرچومۆن و تەریک و مەحکووم بە تێکشکانن.

سەبارەت بە شێوازی کاری سینەماییی میلڤیل، هەر وەک جۆنز (٢٠٢٤) دەڵێت، سینەمای میلڤیل بە هێنانی ڕەنج و ئازاری مرۆڤ بۆ سەر پەردەی سینەما، وامان لێ دەکات سەبارەت بە ڕەنج و ئازاری ئەوی تر، هەست بە بەرپرسیارێتی بکەین؛ واتە بینەر وەک شاهید دەگیرێت بۆ ئەوەی تەمەشاچیی ئەو کارەساتە دەروونی و هەبوونییانە بێت کە بەسەر دیتران دێت، هەرچەند هیچ وڵامێکیش باشاری ئەم ڕەنج و ئازارە ناکات؛ جیا لەو، وڵۆدێک باس لەمە دەکات کە سینەمای میلڤیل زیاتر وەک ئەزموونێکی دەروونی و ڕەوشتی دەردەکەوێت، تاکوو نمایشێکی میژوویی و سەربازی. ئەو بۆ پشتڕاستکردنەوەی

[3] ***L'Armée des ombres***

[4] Joseph Kessel

ئیدعاکەی ئاماژە بە شـــێوازی یەکجاز ســـارد و بێڕووح و مینیمالْ و تالْ و دوور لە هەست و سۆزی مێلْقیل لە فیلمەکانیدا دەکات. (,2008Patrycja Wlodek)

ئەگەر بمانەوێت بزانین فەلســـەفە لەم بارەیەوە چیی کوتووە و چ نواندنەوەیەکی لەم دۆخەی بەشـەر هەبووە، دەسـتمان بەتالْ نامێنێتەوە و ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندمان لەلایەن بوونگەراکانەوە[5] دەکەوێتە بەر دەست. بە شێوەی تایبەت فیلسووفانێکی وەک یاسپێرس، سـارتر و کامۆ، توێژینەیەکی زۆریان لەســەر ئەم دۆخە هەبوونییانە کردووە و کۆمەڵێک بیردۆزی زۆر ڕوونکەرەوە و بەنرخیان لەم بابەتەدا خســتووەتە ڕوو. کارڵ یاســپێرس[6] (1883ـــ1969) بە خستنەڕووی چەمکی «دۆخە سنوورییەکان[7]» دەلاقەیەکی نوێی بۆ تێگەیشـتن لە هەبوونی مرۆڤ لە هەلومەرجی مەترسـیدار و گرنگ و دیاریکەردا کردەوە. یاســـپێرس دەڵێت مرۆڤ لە حاڵەتی ئاســـاییدا نوقمی ئەزموونی ژیانە و هیچ ئاگای لە هەبوون نییە؛ بەتایبەت عەقڵانییەتی ئامرازی و دەمامکە کۆمەڵایەتییەکان، کارێک دەکەن مرۆڤ خۆ لە پرســـە بنەڕەتییەکانی ژیان لا دەدات؛ بەڵام دۆخە ســـنووریەکان، واتە کۆمەڵێک هەلومەرجی ناچار کە مرۆڤ تووشـــیان دەبێت، وەک مەرگ، ئازار، خەبات و بەرخۆدان و هەروەها گوناح، ئەم دەمامکانە لا دەدەن و مرۆڤ لەگەڵ هەبوونی خۆی بەرەوڕوو دەکەنەوە. مرۆڤ لەم بەرەوڕووبوونەوەیەدایە کە دەتوانێت بەرەو سـەر بچێت و بگاتە کاکڵەی هەبوونی خۆی.

1-2. ئامانج و پرسیارەکان

لەم توێژینەوەیەدا دەمـانەوێـت دۆخە ســـنووریەکـانی فیلم بـدۆزینەوە و بەم جۆرە پێوەندییەکی سیستەماتیک لەنێوان فەلسـەفەی یاسـپێرس و سینەمای مێلْقیل پێک بێنین و دواتریش بۆ دەوڵەمەندترکردنی بابەتەکە، لەگەڵ بیردۆزەکـانی ئـالْبێر کـامۆ و ژان پۆڵ سـارتر بەرواردی بکەین. بەم جۆرە دیالێکتیکێک لەنێوان بیردۆزەکانی یاسـپێرس و کامۆ و سـارتر لە دەلاقەی ئەم فیلمەوە پێک دێنرێت و ئەندێشـەیەکی ڕەخنەیی دروسـت دەبێت کە دەتوانێت بۆ لێکدانەوە و تێگەیشـتنێکی قوولْتر لە فیلمەکە یەکجار بەســوود بێت. وەک دەزانین چەمکە ســەرەکییەکانی ســارتر ئەمەیە کە هەبوون بەر لە چییەتییە و مرۆڤ لە بنەڕەتدا ئازادە و هەروەها خاوەنی ئیمکانی هەڵبژاردنی بنەڕەتییە، بەڵام ســـەبارەت بەو هەڵبژاردنـانە بەرپرســـیـارێتیی لەئەســـتۆیە؛ چەمکە بنەڕەتییەکـانی کـامۆش بریتین لە مەســەلەی ئابزۆرد و پووچی و ســەرهەڵدان و یاخیبوونی مێتافیزیکی. ئەم دوو بیرمەندە، دوو دانە لە جەمســەرە ســەرەکییەکانی فەلســەفەی فەڕانســەن کە ســینەمای مێلْقیلیش لەم بەســتێنەدا هەڵقوڵاوە و ســـەری هەڵداوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەمانەشـــدا گریمانەی ســـەرەکیی توێژینەوەکە چەمکی دۆخی ســـنووریی یاســـپێرســـە، چونکە بە ڕای توێژەر، ئەمە زیاتر

[5] Existantialists
[6] Karl Jaspers
[7] Grenzsituationen

لەگەڵ بابەتەکە و دیمەن و بڕیارەکانی فیلمەکە دەیخوێنێتەوە، تاکوو بوونگەراییی سارتری. بوونگەراییی سارتر لەسەر ئەم باوەڕەیە کە مرۆڤ خاوەنی ئازادیی هەڵبژاردنی هەمیشەییە کە هەڵبەت دەروەستی هەلومەرجیشە، بەڵام کەسایەتییەکانی ئەم فیلمە تووشی دۆخێکی ناچار و تۆقێنەر هاتوون کە لەوێدا هەڵبژاردن ئیتر نیشاندەری ئازادی نییە، بەڵکوو وەک پێویستییەکی تراژیک دەردەکەوێت؛ پێویستییەک کە دەیانخاتە گەرووی مەرگ و گوناحەوە و لەم ڕێگەوەیە کە بەرەوڕووی هەبوون و بەرزەشوێن دەکرێنەوە. جیا لەمەش، سەرهەڵدانی ئەم قارەمانانە دژی دۆخەکە کە چارەنووسی کۆتاییەکەی شتێک نییە جگە لە مەرگ و کوژرانی بێئەملاوئەولا، دەکرێت وەک سەرهەڵدانی مرۆڤی یاخیی کامۆ چاو لێ بکرێت و لێک بدرێتەوە. ئەم چارەنووسە بێگومان مەرگ و نەمانە، بەڵام قارەمانەکانی مێلڤیل بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤیی خۆیان، هەر ئەو هەڵدەبژێرن.

بەم جۆرە گرنگترین پرسیارەکانی ئەو توێژینەوەیە بریتین لە:

1. دۆخە سنوورییەکانی یاسپێرس لە کام دیمەن، ڕووداو یان بڕیارگەلێکی فیلمەکەدا دەبینرێن؟

2. چەمکی ئازادیی هەڵبژاردن و قبوولکردنی بەرپرسیارێتیی لە کردەوەکانی کەسایەتییەکاندا چ پێوەندییەکی لەگەڵ ڕوانگەکانی سارتر هەیە و لەگەڵیان دەگونجێت یان نا؟

3. ئایا دەتوانین بەرخۆدانی کەسایەتییەکانی فیلمەکە وەک نموونەیەک لە یاخیبوونی کامۆیی بناسین و بزانین؟

4. تێکەڵکردنی ئەم سێ چەمکەی «دۆخی سنووری» و «ئازادی و بەرپرسیارێتی» و «یاخیبوون» چۆن دەتوانێت مەنتقی ڕەوشتیی بەرخۆدان لە سپای سێبەرەکاندا ڕوون بکاتەوە؟

2. پاشخانی توێژینەوە

1.2. پێداچوونەوە بە کارەکانی پێشوو

گەڕانی توێژەر بۆ دۆزینەوەی وتار یان توێژینەوەیەک سەبارەت بەم فیلمە لە وێژەی کوردیدا بە ئەنجام نەگەیشت؛ هەروەها لە زمانی فارسییشدا تەنیا یەک توێژینەوە لەبەر دەستە کە تێیدا نیابت محمد زادە بەراوردی فیلمەکە و ڕۆمانەکەی ژۆزێف کێسێل دەکات و پێی وایە مێلڤیل لە ڕاگواستنی چیرۆکی ڕۆمانەکەدا، ڕیزبەندیی کاتیی ڕووداوەکان دەگۆڕێت و ئەو ڕووداو و دیمەنانە هەڵدەبژێرێت کە پێی باشترن و لەگەڵ تێگەیشتنی خۆی لەو بەرخۆدانە زیاتر دەگونجێن؛ (نیابت محمد زادە، 1402الف) بەڵام لە زمانەکانی دیکەدا چەند توێژینەوەیەک لەسەر فیلمەکە دەست دەکەوێت؛ بۆ نموونە گیگۆنۆ (2001)

لەســـەر ئەم باوەڕەیە کە فیلمەکە ســـەرەڕای ئەمەی تا ڕادەیەک بە ڕۆمانەکەی کێســـێل وەفاداڕە، ئاماژە ســیاســییەکانی ســڕیوەتەوە و بەرخۆدان لە فرەچەشــنیی ئەندامەکانی گرووپەکەدا نیشــان دەدات، لە حاڵێکدا مەرگی نزیک و بێئەملاوئەوڵا ئەم ئەندامانە پێکەوە گرێ دەدات؛ هەروەها باس لەمەش دەکات کە مێلڤیل پتر لەوەی کەســایەتییەکان لە حاڵی بەرخۆدان پیشـــان بدات، لە کاتی تێفکرین و ڕاماندا دەیانخاتە ڕوو. جیا لەو، باوڕێنهاس (2016) لە توێژینەوەکەیدا باس دەکات کە گێڕانەوە مێژوونووسییەکان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر بیرگە و یادەوەریی گشتیی جەماوەر بێت؛ ئەنجا ژێنڕاڵ دۆگۆل وەک ئوستوورە و هێمای بەرخۆدانی خەڵکی فەڕەنســـا (وەک نەتەوەیەکی یەکدەســـت)، دژی داگیرکاری دەناسـێنێت و دەوری ڕژێمی ویشــی بە کەم و ســووک دادەنێت. جیا لەمەش دیمەنەکانی فیلم لەگەڵ ڕۆمانەکەی کێسێل و ڕاستیی مێژووییدا، بەراورد دەکات. نێتۆ (2019) دەڵێت مێلڤیل لە بەرهەمە پیشــەییەکەی خۆیدا لە ســەرچەشــنی قارەمانسازیی ڕۆمانتیک دووری دەکات و بەجێی ئەمە بەرخۆدان لە ســێ حاڵەتی بەرخۆدانی خەســیو، نەکردنی بەرخۆدان و بەرخۆدانی چالاکدا تاوتوێ دەکات. لی دەڵێت ئەم فیلمە لەپاڵ دوو فیلمی شـــەڕی ڕێگەئاسنەکان (1946) و سپای جینایەت (2009) سێ بەرهەمی گرنگن کە ســەبارەت بە بەرخۆدان دروســـت کراون و ئەنجا ڕووبی دەکاتەوە کە فیلمی ســـپای ســـێبەرەکان لە ســەردەمێکدا دروست کرا کە «ئوستوورەی بەرخۆدانخوازی» بەرەو پووکانەوە دەچوو. (Yong-Woo Lee: 2018) لە کۆتاییشـــدا پەکســـتۆن (2011) ســـەبارەت بەم فیلمە هاتووە لەســـەر ســـازکردنی پێوەندیی لەنێوان ئەم گێڕانەوەیە و واقعییەتی بەرخۆدانی فەڕانســە لە ســاڵانی 1940 تاکوو 1944 کاری کردووە و پێی وایە گێڕانەوەی ئەم فیلمە ســەبارەت بە بەرخۆدانی فەڕانســە زۆرتر بەلای گێڕانەوەی وەفاداران بە ژێنڕاڵ دۆگۆلدا لار دەبێتەوە و دەیەوێت نەتەوەی فەڕانســـە وەک نەتەوەیەکی یەکدەســـت و پشـــتیوانی بەرخۆدان پیشان بدات، بەڵام لە واقیعدا بەشێک لە کۆمەڵگەی فەڕانسە بوونە هاودەستی داگیرکەران.

وەک ســـەرنج درا توێژینەکان لەســـەر ئەم فیلمە زۆر نین و ئەمانەش کە هەن، هیچیان نەهاتوونەتە ســـەر لێکدانەوەی فیلمەکە بەپێی بیردۆزە بوونگەراییەکان و زۆرتر فیلمەکە و ڕۆمـانەکە یـان فیلمەکە و واقعییەتی مێژووییـان بەراورد کردووە؛ تەنیـا کـارەکەی گیگۆنۆیە تا ڕادەیەک هاتووەتە ســـەر کاکڵەی بابەتەکە و گومان لەوەدا دەکات کە ئایا بەڕاســـتی بەرخۆدان دەکرێت نمایش بکرێت یان نا؛ هەروەها پێی وایە ئەم فیلمە تەنیا فیلمێکی مێژوویی سەبارەت بە بەرخۆدان نییە.

لە بەرامبەردا ئەم کارەی بەردەست هاتووە فیلمەکە بەپێی دۆخە سنووربییەکانی یاسپێرس و ئیمکانی هەڵبژاردن و ئازادی و بەرپرســـیارێتیی ســـارتر و مرۆڤی یاخی و ئابزۆردی کامۆ لێک دەداتەوە و دیالێکتیکێک لەنێوان ئەم سێ بیردۆزە گرنگە دروست دەکات تاکوو خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکی فرەڕەهەند و چڕوپڕ بخاتە ڕوو.

2.2. پاشخانی تیۆری

1.2.2 کارڵ یاسپێرس و دۆخە سنوورییەکان

بەگشتی فەلسەفەی کارڵ یاسپێرس، هەوڵ و تێکۆشانێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەی کە مرۆڤ لە کام ڕێگەوە دەتوانێت لە دۆخی ئەزموونیی ژیانی ئاسایی و زەیندەوەریی خۆی (کە یاسپێرس پێی دەڵێت دازاین Dasein ، بەڵام زۆر جیاوازە لە دازاینەکەی هایدێگێر) تێ پەڕێت و سەرتر بچێت و بگاتە ئێگزیستانس یان دۆخی هەبوونی ڕەسەنی خۆی. (ثقفی و اردشیری نیا، 1400) ئەو لە کتێبی فەلسەفەی خۆیدا (,1932Philosophie) پێکهاتەی هەبوونی مرۆڤ لە سێ قۆناخدا تاوتوێ دەکات: یەکەم، بوونی ئەزموونی یا دازاین کە هەمان هەبوونی جەستەییی ئێمەیە لە جێهاندا وەک زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتی و بەرهەستی. دووەم، ئاگایی بە شێوەی گشتی کە بریتییە لە بەستێنی عەقڵانییەتی ئەوپەڕکەسی و زانستیی ئێمە. سێیەمیش ڕۆح (Geist) کە بەستێنی مانا، فەرهەنگ و چەمکە گشتییە ئایدیالەکانە؛ بەڵام ئێگزیستانس یان هەبوونی ڕەسەنی ئێمە لە هیچ کام لەم بەستێنانەدا کورت نابێتەوە. ئەم دۆخە تەنیا لەو ئانوساتانەدا دەست دەکەوێت کە مرۆڤ لەگەڵ بەرزەشوێن (Transzendenz) کە دۆخێکی سەرووی و گشتگیرە، ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

دۆخە سنوورییەکان لە ڕاستیدا پردێکن بۆ تێپەڕین لە هەبوونی ئەزموونییەوە بەرەو ئێگزیستانسی سەرووی. یاسپێرس خۆی دەڵێت: «دۆخگەلێکی وەک ئەوەی کە من هەمیشە لە هەلومەرجگەلێکی تایبەتدام، ناتوانم بەبێ ئازار و بەرخۆدان و خەبات بژیم، ناچارم گوناح لەئەستۆ بگرم و ناچارم دەبێت بمرم، ئەمانە دۆخی سنوورین. ئەم دۆخانە تەنیا چۆنیەتیی دەرکەوتنیان فەرق دەکات، دەنا هیچ ئاڵوگۆڕێکیان بەسەردا نایەت... ئەمانە وەک دیوارێک وان کە لەسەر ڕێمانن و تووشیان دێین، دیوارێک کە هەرگیز دەرەقەتی نایەین.» (jaspers, 1932: 203) گرنگترین تایبەتمەندییەکانی دۆخی سنووری ئەمانەن:

ـــ ناچاری: ئێمە هەرگیز ناتوانین لەدەست ئەم دۆخە سنوورییانە دەرباز بین: مەرگ کۆتاییی ناچار و بێئەملاوئەولایە؛ ڕەنج و ئازار بەشێکە لە هەبوونی ئێمە؛ ئێمە لە ژیاندا بەردەوام خەریکی بەرخۆدان و خەبات و ململانێین و هەروەها پێمان خۆش بێت یان ناخۆش، تووشی گوناح دێین.

ـ داپۆشراوبوون لە ژیانی ڕۆژانەدا: ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بە حاڵەتی ئاسایی ئاگاداری ئەم دۆخانە نیین و بیریان لێ ناکەینەوە. ئێمە بە جۆرێک سەرقاڵی ژیانی ڕۆژانەین کە ئەم دۆخانە یان نابینین یان بەئەنقەست خۆیان لێ دەدزینەوە و حاشایان لێ دەکەین. مەرگ وەک ڕووداوێک دەبینین کە تەنیا بۆ خەڵک ڕوو دەدات؛ حەول دەدەین پاساوی

زانستی بۆ ڕەنج و ئازار بدۆزینەوە و وەک دۆخێکی نائاسایی چاوی لێ دەکەین کە گوایە دەتوانین لە ژیاندا بیسڕینەوە؛ بەرخۆدان و خەبات و ململانێی ژیان، سووک دەکەینەوە و وەک ڕکابەرییەکی ئاســـایی و نازەروور باســـی دەکەین و گوناحیش وەک هەڵەیەک دادەنێین کە دەکرێت چاوپۆشیی لێ بکەین.

ـــ ویژانگەری و ڕوونکەرەوەیی: کاتێک ڕووبەڕووی دۆخێکی سنووری دەبینەوە، لەناکاو قەڵای ژیانی ڕۆژانەمان دادەڕمێت و چاومان بەرەو واقعییەتێک دەکرێتەوە کە هەمیشـــە حەولمان دابوو خۆی لێ ببوێرین. ئەو مانا دەســـکردانەی پێشـــتر بۆ ئەم دۆخانەمان داڕشتبوون، لەناکاو بێمانا دەبن و ئەو شـوناس و پێناسـە درۆییە لەناو دەچێت؛ بەڵام تا تووشی ئەم داڕمان و ویژانییە نەبین، ناتوانین ڕوون بینەوە و چاومان بەرەو حەقیقەت و ڕاستیی هەبوون ناکرێتەوە.

یاسـپێرس داکۆکی لەسـەر چوار دۆخی سـنووری دەکات: مەرگ، ئازار، ململانێ و گوناح. لەم ناوەدا مەرگ دۆخی ســـنووریی کۆتاییە. مەرگ تەنیا کۆتاییی ژیانی جەســـتە نییە، بەڵکوو هەڕەشەیەکی هەمیشەییە دژی هەبوونی مانا بۆ ژیان. کاتێک یەکێک لە ئازیزانمان دەمرێت، تووشـــی هەســـتی واقعیی نەبوون و لەدەســـتچوون دەبین و لەوێدایە کە بیر لە مەرگی خۆمـان دەکەینەوە و دەزانین کە درەنگ یـان زوو، تۆمـاری ژیـانی خۆشـــمـان دەپێچرێتەوە و ئێمەش بەرەو نەبوون و نەمان دەچین.

ڕەنج و ئازار، ئەزموونی تێکشکان و داڕمانی کۆیەتیی جەستەیی و دەروونی و هەبوونیی ئێمەیە. لەوێدایە کە لەناکاو لەم وەهمە درۆییە وەخەبەر دێین کە گوایە هەموو شـــتێکی خۆمان و دنیای دەوروبەرمان، لەژێر کۆنترۆڵ و دەسـەڵاتماندایە؛ تێ دەگەین کە بەشێکی زۆر لە ڕەنج و ئازارەکان دەتوانن بەهاسـانی تێکمان بشـکێنن و هیچمان لەدەسـت نایەت؛ ڕێک ئالەم ساتەدایە کە هەست بەوپەڕی بێدەسـەڵاتی دەکەین و دەردەکەوێت جیهان زۆر بەهێزترە لە ئێمەی وردەڵە و بچووک و ئەوە کە ئێمە کۆنترۆڵ دەکات، نەک پێچەوانەکەی.

خەبـات و بەرخۆدان و ململانێش، واقعییەتێکی هەبوونییە. ململانێ تەنیـا فیزیکی و جەستەیی نییە، بەڵکوو ململانێیە بۆ قبووڵکران و بەفەرمیناسران، بۆ ئەوین، بۆ دەسـەڵات و لە کۆتاییدا بۆ پاراســـتنی شـــوناســـی خۆت. لەو خەبات و بەرخۆدانەدایە کە بۆمان دەردەکەوێت جیهان پڕە لەو دژبەرانەی کە ڕێگرمانن لە گەیشـتن بە حەز و ئاواتەکانمان و زۆر جار ئێمە لە دژی ئەم دژبەرانە بەتەواوی بێدەسـەڵاتین و هیچمان لەدەست نایەت.

لە کۆتاییشـــدا بابەتی گوناح دێتە ئاراوە: هەڵبەت گوناحێک کە مەبەســـتی یاســـپێرســـە، جیاوازە لەو گوناحە یاســـایی یان ئاکارییەی کە ئێمە لە دۆخی ئاســـاییدا بیری لێ دەکەینەوە: ئەمە گوناحێکی هەبوونییە. مانای ئەم چەمکە ئەوەیە کە ئێمە وەک بکەرێکی زانـا و کـارتێکەر، نـاتوانین هەموو ئیمکـانەکـان کردەکی بکەین و کـاتێـک ئیمکـانێـک

هەڵدەبژێرین، لە ڕاستیدا تووشی گوناح بووین دەرحەق بە ئیمکان و بژاردەکانی دیکە کە هەڵمان نەبژاردوون؛ کەوابوو ئێمە هەرگیز بێگوناح و بێتاوان نابین. هەڵبژاردن و کردەوەی من، کاریگەریی هۆکارانەی لەسەر دنیای دەوروبەرم دەبێت و کۆمەڵێک لێکەوتەی چاوەڕواننەکراوی هەیە.

بەڵای یاسپێرسەوە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم دۆخە سنووریانە، دەبێتە هۆی سەرترچوونی هەبوونی و وجوودی، نەک بێهیواییەکی خەسیو. مرۆڤ کاتێک تووشی سنووری نەبوون دێت، جا لە ئیمکانە ڕەسەنەکانی خۆی تێ دەگات و بە قبوولکردنی تراژیدیی چارەنووسی خۆی، دەگاتە ئازادیی دەروونی و ئاشتیی هەبوونی. هەڵبەت وەک نۆڤاک (2018) دەڵێت ئەم دۆخە سنووریانە لەگەڵ «قەیرانی دەروونی» فەرقیان هەیە و جیاوازن و باس لە نەخۆشی یان قەیرانێکی دەروونیی تایبەت نین.

2.2.2. ژان پۆڵ سارتر: مەحکووم‌بوون بە ئازادی و هەڵبژاردنی بەرپرسیارانە

لە ڕوانگەی سارترەوە ئازادیی مرۆڤ بە واتای ڕزگاربوون لەدەست هەموو بەربەستەکان نییە؛ مرۆڤ هەمیشە لە هەلومەرجێکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و مادیدا هەڵکەوتووە، بەڵام هەر لەو هەلومەرجەشدا ناچارە پێگە و هەڵوێستی خۆی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ڕوون بکاتەوە؛ هەر بۆیە سارتر ئازادی و ئیمکانی هەڵبژاردن لە بەرپرسیارێتی جیا ناکاتەوە. مرۆڤ تەنیا کردەوەیەک ئەنجام نادا، بەڵکوو بەم هەڵبژاردنەی خۆی، نیشانی دەدا کە پێی وایە دەبێت چی ئەنجام بدرێت و خۆی دەیەوێت چ جۆرە مرۆڤێک بێت. لەم مانایەدا ئازادی، ئیمتیازێک نییە کە ئاسوودەییت پێ ببەخشێت، بەڵکوو بار و قورساییەکە کە هەبوونت پێی بەخشیویت، چونکە هیچ هەلومەرجێکی دەرەکی ناتوانێت بەرپرسیارێتیی بڕیارەکانت لەسەر لا ببات. (Biswas, 2017)

سارتر لە «بوون و نەبوون»دا (Sartre, 1956: 65-69) چەمکی دڵەڕاوکێ لەبەرامبەر ترس دادەنێت و پێی وایە ترس کاردانەوەیەکە لەهەمبەر مەترسییەکی دەرەکی، بەڵام دڵەڕاوکێ بریتییە لەوەی کە من ئاگادارم خۆم سەرچاوەی کارەکانی خۆمم و داهاتوو تەنیا کۆمەڵێک ئیمکانە کە دەبێت خۆم بڕیاریان لەسەر بدەم و کردەکییان بکەم. ئەم ئازادییە چڕوپڕە، بەرپرسیارێتییەکی تەواویشی بەدواوەیە. مرۆڤ تەنیا بەرپرسی خۆی وەک تاک نییە، بەڵکوو لەهەمبەر هەموو مرۆڤایەتییشدا بەرپرسە، چونکە بە هەر هەڵبژاردنێکی، وێنەیەک دروست دەکات سەبارەت بەمەی کە مرۆڤ دەبێت چۆن بێت. قارەمانی سارتر کەسێکە کە بە ئاگامەندیی تەواو لەم دڵەڕاوکێ و بەرپرسیارێتییە، «پڕۆژە»ی خۆی هەڵدەبژێرێت. ئەو لەڕێی کردەوەکانییەوە، کۆمەڵێک بەها دەخوڵقێنێت. لە «ئیگزیستانسیالیزم مرۆڤگەراییە»دا (Sartre, 2007) باسی خوێندکارێک دەکات کە نازانێت لەنێوان مانەوە و ئاگاداری لە دایکە پیر و نەخۆشەکەی و چوون بۆ شەڕ و بەرگری لە نیشتمانی، کامیان هەڵبژێرێت. لێرەدا باس دەکات کە لە جیهاندا هیچ

نیشانەیەکی بەرهەستی، هیچ ڕەوشتێکی پیشینی یاخود سەرچاوەیەکی تایبەت بوونی نییە کە پێت بڵێت دەبێت چی بکەیت. هەڵبژاردن کردەوەیەکی داهێنەرانە و بە جۆرێک تەقینەوەی ئازادیی بێسنووری مرۆڤە. ئەم ڕوانگەیە قارەمانێکی چالاک و پڕۆژەتەوەر لە مرۆڤ دروست دەکات کە دەتوانێت بە ویستی خۆی، مانا بە مێژوو ببەخشێت. سارتر هەروەها پێی وایە مرۆڤ لەبەرامبەر جیهانی دەرەوەدا کراوەیە و پێشتردیاریکراو نییە و هەر وەک گرایدێر (2010) دەڵێت: «مرۆڤ بەو کرانەوەیەی دەناسرێتەوە و لە خۆیدا کەلەبەری هەیە».

3.2.2. ئاڵبێر کامۆ: ئابزۆرد، سەرهەڵدان و مرۆڤی مەحکووم بە لەناوچوون

کامۆ بە پێچەوانەی سارتر لە ئابزۆردەوە دەست پێ دەکات. هەڵبەت ئەم پووچی و ئابزۆردە بە واتای پووچیی جیهان یان مرۆڤ نییە، بەڵکوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ حەز و تینوێتیی ئەو بۆ مانا لەلایەک و بێباکی و بێدەنگیی جیهان لە لایەکی ترەوە، دێتە ئاراوە. بە زمانی سادە، مرۆڤ دەیەوێت جیهان مانای هەبێت و تێیدا هەست بە دڵنیایی بکات، بەڵام جیهان هیچ وڵامێک بەو ویستەی مرۆڤ ناداتەوە و هیچ گوێی لێ نییە و ڕەوتی بێباکانەی خۆی درێژە پێ دەدات. ئەم بابەتە «بێهیوایی» سارتری بە دوادا نایە، بەڵکوو خاڵی دەستپێکە بۆ حەوڵدان و یاخیبوون دژی ئەم پووچییە. لە ئەفسانەی سیسیفوسدا باس لە کەسێک دەکرێت کە سەرەڕای ئەمەی دەزانێت تلدانی بەردەکە بۆ سەر کێو، هیچی تێدا بەستە نییە و بە دڵنیاییەوە خلۆر دەبێتەوە خواری، بەڵام کۆڵنەدەرانە و ئاگادارانە چارەنووسی خۆی قبووڵ دەکات و هەتا ماوە و هەیە، حەول دەدات و تێ دەکۆشێت.

چەمکی گرنگتری کامۆ بۆ ئێمە، چەمکی سەرهەڵدان و یاخیبوونە دژی بێمانایی. کامۆ لە کتێبی مرۆڤی یاخیدا باس لەمە دەکات کە سەرهەڵدان بە «نا»گوتن دەست پێ دەکات. مرۆڤی ژێر ستەم تا ئاستێک بەرگە دەگرێت و کاردانەوەی نابێت، بەڵام لە خاڵێک و شوێنێکەوە ئیتر لە هێڵی سوور تێ دەپەڕێت و دەڵێت «ئیدی لەمە زیاتر، نا!» ئەم «نا»یە هەم ملبادانە و هەم داکۆکی: ملبادانە لە ژێرپێنانی بەهایەک و داکۆکیکردنە لەسەر گرنگی و بایەخی ئەم بەهایە. هەڵبەت سەرهەڵدانی کامۆ، کردەوەیەکی بەکۆمەڵە: «من سەر هەڵدەدەم، کەوابوو ئێمە هەین.» (هیڵمەن، وێینگێر، 2020)کەسی یاخی، بۆ ئەمە سەر هەڵدەدات کە پێی وایە بەهایەکی هاوبەش لەنێوان ئەو و خەڵکانی تردا هەیە. ڕەنگە لەم ڕێیەدا گیانیشی لەدەست بدات و بیسەلمێنێت کە بابەخی ئەم بەهایە تەنانەت لە گیانی تاکێکی وەک ئەویش، زیاترە. لێرەدایە کە تووشی لێکدژییەک دێین: ڕەنگە ئەو یاخییە بۆ بەهایەک گیانی بەخت بکات کە هەر بوونیشی نەبێت، بەڵام بە مردنی خۆی ئەم بەهایە وەدی بێنێت. (تانگ، 2024) قارەمانی سەرهەڵدانی کامۆیی، ڕێک وەک دۆکتور ڕیۆ لە ڕۆمانی تاعووندا، بێ ئەوەی هیچ هیوایەکی بە هێزێکی سەرووسروشتی هەبێت، تەنیا

بەپێی هەستی مشوورخۆری و ئەرکداربوونێکی مرۆڤانە، خەباتێکی بێکۆتایی دەکات، لە حاڵێکدا دەزانێت سەرکەوتنێک لە ئارادا نییە و بە دڵنیاییەوە تووشی تێکشکان دێت.

ئەم سێ بیرمەندە هەموویان باس لە قەیرانی مانا لە ژیانی مرۆڤدا دەکەن و دەیانەوێت بزانن مرۆڤ کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیران چ کاردانەوەیەکی دەبێت یان دەبێت بیبێت. قارەمانی سارتر کەسێکی خۆدارێژەر و خۆبنیاتنەرە کە خۆی بە خاوەنی هەڵبژاردن دەزانێت و لە بەرامبەردا شان وەبەر بەرپرسیارێتیی ئەم هەڵبژاردنەش دەدات. کردەوەکانی نیشانەی ئازادبوونی داهێنەرانە و خوڵقێنەرانەن. قارەمانی کامۆش لەسەر ئەم باوەڕەیە کە جیهان لە خۆیدا مانایەکی نییە و هیچ وڵامێک بە داوای مرۆڤ بۆ مانا ناداتەوە، بەڵام ئەو بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤانەی خۆی، لە دڵی ئەم ئابزۆرد و پووچییەدا مانا دەردەکێشێت و دەخوڵقێنێت، هەرچەند بە هیچ کوێش نەگات؛ بەڵام قارەمانی یاسپێرسی کەسێکە کە ڕێک لە کاتی تووشبوون بە دۆخی سنووریدا دەست دەداتە بڕیار و کردەوە. کردەوەی ئەو بەهۆی هەبوونی ئازادیی هەڵبژاردنێکی داهێنەرانە (وەک سارتر دەڵێت) نییە، بەڵکوو وڵامێکە بە پێویستیی هەبوون کە ناچارە بیداتەوە. ئەو خۆی پێی خۆش نییە و هەڵی نابژێرێت کە قارەمان بێت، بەڵکوو هەلومەرجی ژیان و جیهان دەیخاتە دۆخێکەوە کە تەنیا ڕێگەی مومکین بۆ پاراستنی خودی هەبوونی، ئەمەیە کە هەڵبژێرێت و دەست بداتە کردەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم کردەوەیە ببێتە هۆی مردن و گوناح یان پووکانەوە و لەناوچوونی؛ بەم کارە ئەو دەبێتە مرۆڤێکی بەرزەشوێن و ئیتر لە چوارچێوەی ژیانی بەرهەستی و خاکیدا نامێنێت. ئەم جیاوازییە وردبینانەیە، هەمان کلیلی تێگەیشتنە لە فیلمەکەی میلقیل. پرسیار ئەمەیە کە «ئایا ژێربیە (قارەمانی سەرەکیی فیلمەکە) خۆی هەڵی دەبژێرێت ببێتە شۆڕشگێڕ و خەباتکار؟» فیلمەکە ئەم ساتەوەختە پیشان نادات؛ ئەو هەر لە سەرەتاوە خەریکی خەبات و بەرخۆدانە و «لەم دۆخە»دایە. کردەوەکانی ژێربیە (بۆ نموونە کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانی ئەندامێکی خەیانەتکاریان دەخنکێنن) نیشانەی ئەم ئازادییە نین کە سارتر باسی دەکات، بەڵکوو نموونەیەکن لە دۆخی سنووریی گوناحی یاسپێرس. لە دواییشدا هەڵبژاردنی بەرخۆدان لەلایەن ئەوانەوە، لەگەڵ ئەمەشدا کە دەزانن هەموویان دەکوژرێن و لەناو دەبرێن، نموونەیەکن لە مرۆڤە یاخییەکەی کامۆ کە سەرەڕای ئاگاداربوون لە بێئەنجامی و بێمانایی، دیسانیش تا دوا چرکەی تەمەن حەول دەدات. ئەم توێژینەوەیە بە تێکەڵکردنی ئەم سێ ڕوانگەیە، دەیەوێت پیشانی بدات کە جیهانی سپای سیزیفەکان پتر لە هەموو شت، تراژیدییەکی یاسپێرسییە کە قارەمانەکەی (بەگوێرەی کامۆ) سەر هەڵدەدات و یاخی دەبێت و لەم ڕێگەیەدا بەرپرسیارێتیی سارتریش قبوڵ دەکات و خۆی لێ نابوێرێت.

3. ڕێبازی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە و بە شێوەی شیکاری و تەفسیری دەقی فیلم ئەنجام دراوە. یەکەی توێژینەوە، کۆی فیلمی سێبەرەکانە و وەک دەقێکی سینەماییی یەکگرتوو ڕاڤە کراوە. شێوازی سەرەکیی توێژینەوە، خوێندنەوە و بینینی ورد و شیکردنەوەی دیمەنەکان، دۆخەکان یان بڕیاری کەسایەتییەکانە بەپێی چەمکە فەلسەفییەکان کە لە ڕاستیدا چەمکی دۆخە سنووریەکانی یاسپێرس، چوارچێوەی سەرەکیی شیکارییەکەیە و چەمکی ئازادی و بەرپرسیارێتیی فەلسەفەی سارتر و یاخیبوونی کامۆ وەک تەواوکەری ئەم بیرۆدزە کەڵکیان لێ وەرگیراوە، کەوابوو یەکەی شیکاری، دۆخ، دیمەن یان بڕیارە هەبوونییەکانن. بەم پێیە دۆخ و دیمەنەکانی شیکردنەوە، بە شێوەی مەبەستدار و بەپێی پێوەندییان لەگەڵ مەرگ، هەڵبژاردن، گوناح، بەرپرسیارێتی و سەرهەڵدان هەڵبژێردراون و لە چەندین جێگا ئاماژە بە کاتی داتاکان (خولەک و چرکەی ئەم بابەتانە لە فیلمدا) کراوە تاکوو داتاکان و چەمکەکانی دەسکەوت، پێوەندییان بەرهەستی و واقعی بێت. دواتر دەسکەوتەکان بەپێی سێ ڕوانگەکەی یاسپێرس و سارتر و کامۆ پێکەوە بەراورد کراون تاکوو ڕوون بێتەوە چۆن فیلمەکە بەرخۆدان، نەک وەک کردەوەیەکی سیاسی، بەڵکوو وەک ئەزموونێکی هەبوونی و ئەخلاقی دەنوێنێت.

4. ئەنجامەکان

لێرەدا گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەخرێنە ڕوو و هاوکات باس و لێکدانەوەشیان لەسەر ئەنجام دەدرێت، واتە هەوڵ دەدرێت گرنگترین چەمکەکان دەرکێشرێن و لەگەڵ ئەم تیۆری و بیردۆزانەی کە باس کران، بەراورد بکرێن. گرنگترینی ئەم چەمکانە بریتین لە:

1.4. کۆی جیهانی فیلمەکە وەک دۆخی سنووری

بەر لە هەموو شت، کاتێک تەماشای ئەم فیلمە دەکەیت و دواتر بیر لە کۆی فیلمەکە دەکەیتەوە، هەست ناکەیت ڕووداو و وردەکارییە مێژوویییەکانت دیتووە، بەڵکوو زۆر زیاتر لەمە، بیر دەکەیتەوە ئەم مرۆڤانە لەو جیهانە ڕەش و تاریکەدا چۆن دەژین و بەرگە دەگرن. ئەگەر تۆزێک ورد بینەوە، گیرانەوەی فیلمەکە بە جۆرێکە کە پتر لەوەی باس لە کات و شوێنی ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکان بکات، کەسایەتییەکانی فیلمەکە و هەڵوێست و کاردانەوەیانمان لە دۆخە ئەستەم و دژوارەکاندا پێ نیشان دەدات. ئێمە دەبینین کە ئیمکانی ژیانی ئاسایی نییە و بەتایبەت چەمکگەلێکی وەک مەرگ و گوناح و بەرخۆدان دەبنە گرنگترین پێکهێنەرەکانی هەبوونی ئەو تاکانە. ئەگەر فیلمێک بیەوێت مێژووی بەرخۆدان بگێڕێتەوە باس لە شەڕەکان و بڕیارە سیاسییەکان دەکات و هەوڵ دەدات گرنگترین ساتەوەختە سیاسییەکان بێنێتە بەر چاوی بینەر، بەڵام لەم فیلمەدا ئێمە بەجێی ئەمانە، بۆ نموونە لە ژووریکی تاریک و تۆقێنەردا بینەری چاوەڕوانیی گیراوەکانین بۆ ئەوەی بیانبەنە دالانێک و لەوێ ڕاویان بنێن و ئەمانیش «وەک کەرویشکێکی تۆقاو»

ڕا بکەن و لە پشتەوە وەبەر ڕەشاشەیان بدەن [01:54:10ـــ01:58:20]، ئەویش بەبێ ئەوەی هیچ دادگاییکردنێک و بەرگرییەک و مەنتقێک لە ئارادا بێت یان باس بکرێت؛ واتە هەر لە ســـەرەتاوە هەر کەســـێک بگیرێت (ئیتر بە هەر بیانوویەک بێت) مەحکوومە بە کوژران و لەناوچوون؛ هەروەها دیمەنی گیرانی ژان فرانسوا [01:09:00ـــ01:09:51]، کوشتنی خاینەکە [00:35:00ـــ00:40:00]، دیمەنی ژێربیە لەناو فڕۆکەکەدا کە دەیەوێت بە چەتر بێتە خوارەوە و هەر ساتێک ئەگەری هەیە فڕۆکەکەیان بکەوێتە بەر گوللە و لەو لاشــەوە ترسی بەربوونەوە بە چەتر [01:13:00ـــ01:18:20]، دیمەنی ژێربیە لە کاتی ڕاکردن لە گرتووخانەکە و خۆکردن بە سەلمانییەکەدا [00:25:05ـــ00:27:00]، دیمەنی چوونی ماتیلدا و هاوڕێکانی بۆ ڕزگارکردنی هاوڕێ گیراوەکەیان کە هەردەم ئەگەری ناسرانەوە و کوژرانیان هەیە [01:34:52ـ01:46:30] و دەیان دیمەنی تر لەم فیلمەدا کە سەرجەم مرۆڤ لە دۆخی سنووریدا دەخەنە ڕوو. کەسایەتییەکانی ئەم فیلمە بەردەوام لە حاڵی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگ، گوناح، بەرخۆدان و خەبات یان ئازارکێشــاندان و هەرگیز لێی ڕزگار نابن؛ بەگشتی و پتر لە هەموو شت، لەم فیلمەدا ئەوەی مانۆڕی لەسەر دەدرێت، چاوەڕوانیی مەرگە، نەک شەڕی سەربازیی سپای نهێنیی سێبەرەکان.

لە هەموو ئەم دیمەنانەدا کەسایەتییەکان خەریکی ڕامان و بیرکردنەوەن لە دۆخەکەیان و هەڵبژاردنی قورســـترین بژاردەکانی ژیانیانن. کاتێک هاوڕێکانی ژێربیە دەیانەوێت سەبارەت بە تیرۆرکردن یان نەکردنی ماتیلد، ڕێک بکەون، [02:13:50ـــ02:19:52] جیا لەوەی خەریکە پێکەوە بەشـــەڕ بێن و تەنانەت یەکتر لەناو بەرن، هەر کامیان لە ناخی خۆیدا خەریکی ململانێیە کە ئایا ئەم بڕیارەی دەیدەم دروستە یان نا؛ لەم جۆرە دۆخانەدا بڕیاردان بە هەردوو لادا قورســـە و باســـی مەرگ و ژیانە. تاکەکان قورســـترین ئازاری ژیانیان دەکێشن و لە هەموو حاڵێکدا هەست بە گوناحباری دەکەن. تەنانەت هەر لە نزیک ســـەرەتای ئەم فیلمە دووڕودڕێژەدا، بڕیار دەدرێت کە هەموویان هەمیشـــە دەبێت حەبی سیانووریان پێ بێت[00:41:00ـــ00:41:15]، چونکە هەموو کات ئەگەری هەیە تووشی هەڵبژاردنی مەرگ بن و هەمیشـــە لەپەنا گوێیانە. ئەمە خۆی نموونەیەکی زۆر بەرچاو و زەقە کە چۆن دۆخی ســـنووریی مەرگ باڵی وەســـەر کۆی فیلمەکەدا کێشـــاوە و هەموو کەســـایەتییەکانی داســـتان، هەردەم ڕەنگە ناچار بن پێش ئەوەی بە زەجر و ئازارەوە بیانکوژن، خۆیان خۆیان بکوژن. بەگشـــتی مەرگ و گوناح و ئازار، بەشـــی دانەبڕاوی خەباتی ڕەش و تاریکی کەســایەتییەکانی ســپای ســێبەرەکانە و خۆیان قبوواڵیان کردووە کە دەرچوون لەم دۆخە و لەم بڕیارانە بە ســـاخی و خاوێنی، ئیمکانی نییە، هەر بۆیە بەشێکی زۆری فیلمەکە ئێمە بینەری بێدەنگی و بیرکردنەوە و دڕدۆنگیی کەسایەتییەکانین لە فەزایەکی ڕەش و تاریک و تەنیا و تۆقێنەردا [01:28:35ـــــ01:30:00]. تەنانەت کەســـایەتییەکان لەناو جەمعیشـــدا زۆر جار وەک تەنیا پیشـــان دەدرێن، چونکە بەردەوام

بێدەنگن و بیر دەکەنەوە چی بکەن [01:28:03_____01:28:33]. دیالۆگ لەم فیلمەدا زۆر کەمە و ئەوەندەشی کە هەیە لە خزمەت ڕاگواستنی ئەم پەیامانەدایە.

کۆی جیهانی فیلمی سپای سێبەرەکان دیمەنی مرۆڤی ناچارە کە دەبێت لەنێوان ئەستەمترین بڕیارەکاندا هەڵبژێرێت و بەرپرسیارێتیی قورسی ئەم هەڵبژاردنانە و هەڵنەبژاردنی بژاردەکانی تریشی لەسەر شانە. ئەم فیلمە بەگشتی فیلمی بەرخۆدانە؛ بەرخۆدانێک کە ڕاستە پێشتر هەڵبژێردراوە، بەڵام بژاردەیەکی باشتریش لەبەر دەست نەبووە کە ژیانی کەسایەتییەکان بپارێزێت. مرۆڤەکان کەوتوونەتە جیهانی بەرخۆدانەوە کە پڕە لە دڵەڕاوکێ، هەستی هەڵواسراوی و هەڵپەسێراوی، هەڵبژاردنی قورستەرین و دڕندانەترین بژاردەکان، بێمتمانەیی، بێدەرەتانی، بێڕەحمی، سووکایەتی، ڕووبەڕووبوونەوەی هەمیشەیی لەگەڵ مەرگ و هتد. هەڵبەت فەزای فیلمەکەش بەتەواوی لەگەڵ ئەمانە گونجاوە و بە تاریکیی زەمینە، سەرما، قورچڵپاو، مووزیکی خەمناک یان بەرهەمهێنەری دڵەڕاوکێ و تۆقان، داڵانی تاریک، ڕەنگی سارد و بەگشتی زۆر ڕەش و سپی، مرۆڤگەلێک کە هەموو سەریان ناوەتە کۆشیانەوە و دەڵێی لە شتێک تۆقاون و ناوێرن سریوەیان بێ یاخود نەخۆشن، دیالۆگی دەگمەن، تەقەی بێپسانەوە و زۆر بابەتی تری لەم چەشنە ئەم دۆخە بەهێزتر دەکاتەوە.

2.4. مەرگ لە ئیمکانێکەوە بۆ ئاسۆیەکی هەمیشەیی

مەرگ بۆ مرۆڤ لە حاڵەتی ئاساییدا، هەمیشە مەرگی ئەوی تر و مرۆڤ خۆی وەک بینەری ئەو دەبینێت، نەک وەک ئەزموونێکی کەسی، بەڵام هەروەک پێشتریش ئامەژەی پێ کرا، لەم فیلمەدا مەرگ ئەگەرێکی ڕێتێچوو و بەهەڵکەوت نییە، بەڵکوو لە هەموو ئانوسات و بڕیارکاندا باڵی وەسەر ژیان و بوون و مانی کەسایەتییەکاندا کێشاوە، هەر بۆیە هەموو کەسایەتییەکان حەبێکی سیانووریان لە گیرفاندایە و ئامادەی مەرگن. هەروەها لە فیلمەکەدا ئیمکانی سەرکەوتنی بەرخۆدان بە هیچ شێوەیەک زەق ناکرێتەوە و کەسایەتییەکان بە جۆرێک دەنوێنرێن کە هەردەم ڕێی تێ دەچێت بکوژرێن.

جگە لەمە، ئەگەر سەرنج بدەین کەسایەتییەکان بە جۆرێک و لە دۆخێکدا نانوێندرێن کە ئیمکانی هەڵبژاردنیان لەنێوان بەشداریکردن یان نەکردن لە بەرخۆداندا هەبێت، بەڵکوو فیلمەکە ئەم حاڵەتە و ئەم بوونە لە بەرخۆداندا، وەک بابەتێکی پێشینی دەنوێنێت کە هەر لە سەرەتاوە تێیدان و ئیمکانی هەڵبژاردن یان نەبووە، یان ئەگەریش بووبێت، ئەم بژاردەیەیان باشتر هاتووە بەرچاو؛ هۆکارەکەش ئەمەیە کە مەرگ پێش بڕیاری ئەوان لە پێکهاتەی دۆخەکەدا ئامادەیە و توانا و ئیمکانی هەڵبژاردنی دەربازبوونی سەندووە. بەپێی یاسپێرس تاک کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگ، بوون و نەبوونی دەبێتە پرسیار و بڕیار و ئەمە هەمان دۆخی هەبوونی و وجوودییە؛ لێرەدایە کە تاک دەزانێت دەبێت بیر لە چییەتی و چۆنیەتیی ژیانی بنێتە ئەولاوە و خودی هەبوون یان نەبوونی مەسەلەیە.

مەرگ گرنگترین ڕووداوی ژیانی تاکە و دیواریکە کە مان و نەمان لێک جیا دەکاتەوە. لەم دۆخی ســـنوورییەدا ئیتر مانای ژیان هەڵدەپڕووکێت و ڕووداوێک کە لە حاڵەتی ئاســاییدا هەمیشــە داپۆشــراوە و خۆمانی لێ دەبوێرین بیری لێ بکەینەوە، دێت ئێخەمان دەگرێت و قەڵای ئاوات و هیواکانمان دادەڕمێت.

وەک باس کرا، ئەم فیلمە پڕە لە دۆخی مەرگی نزیک و بیرکردنەوە لەوەی کە هەردەم ئەگەری هەیە بمگرن و بە ئەشکەنجە و ئازار بمکوژن، یاخود هەڵم واسن، یان گوللەبارانم کەن. (نیابت محمد زادە، 1402ب) یەکێک لە سەرنجڕاکێشترینی ئەم ساتانە، ئەم ساتەیە کە بە ژێربیە و هاوڕێکانی دەڵێن ڕا بکەن تا لە پشتەوە وەبەر ڕەشاشــەیان دەن. ژێربیە ســەرەتا هەڵنایە و بە جۆرێک مەرگ و ترس لە مەرگ لە لایەک و تەماح بۆ قۆســتنەوەی دەرفەت و ئیمکانی تۆزێک ژیانی زیاتر لە لایەکی تر، دەکەونە بەرامبەر یەک. هەروەک فیلمەکە پیشـــانی دەدات، جاری یەکەم ژێربیە دوای تۆزێک تێڕامان، بڕیار دەدات ئەم دەرفەتە کەمەش تاقی بکاتەوە و هەڵبەت بەهەڵکەوت وەبەر گوللەی سەخت نایەت و تەنیا تۆزێک بریندار دەبێت و بە نەخشـــەی ماتیلد دەتوانێت ڕزگاری بێت، بەڵام لە کۆتاییی فیلمەکەدا باس لەمە دەکات کە بۆ جاری دووەم کە دەیگرن و دەکەوێتە هەمان دۆخەوە، ئەمجار ڕا ناکات و مەرگ هەڵدەبژێرێت بەســـەر ترس و تۆقاندا. ئەگەر بەپێی ســـارتر بڕوانین بابەتێک کە لێرەدا جێی ســـەرنجە، هەڵبژاردنە لەنێوان ئەوەی کە ڕا بکات و ئەگەری لاوازی تۆزێک ژیانی زیاتر بەڵام ترســـەنۆکانە تاقی بکاتەوە، یان ڕا نەکات و بوێرانە چاو لە چاوی مەرگ ببڕێت؛ بەڵام جێی ســـەرنجە کە بەپێی ســـارتر لە هەردوو حاڵدا خۆی بەرپرسیاری بڕیارەکەیەتی. لە دۆخە سنوورییەکانی تریشدا هەر وایە. مرۆڤ لە هەموو ئەو دۆخانەدا دەتوانێت هەڵبژێرێت، بەڵام بەرپرســـیاری ئەو هەڵبژاردنەیە و دەبێت «گوناح»ـــی ئەو هەڵبژاردنەش لەئەستۆ بگرێت. بەگشتی لەم فیلمەدا مەرگ دۆخی سنووریی هەمیشەییە و لە حاڵەتی تایبەت و تاکوتەرا دەرچووە و ئیتر ئیمکانێکی ئاوارتە نییە، بەڵکوو ئیمکانێکی تا ڕادەیەکی زۆر بێئەملاوئەولایە.

3.4. گوناح: ئەو شوێنەی ڕەوشت تێیدا دادەڕمێت

لەم فیلمەدا چەمکی گوناح و هەستی گوناحباری، هەستێکی زاڵە بەسەر بەشێکی زۆر لە بڕیارە ســەرەکییەکاندا کە وەک نموونە دەتوانین باس لە ســێکانســی کوشــتنی خاینەکە [00:40:00ـ00:35:00]، سێکانسی بڕیار لەسەر تیرۆرکردن و کوشتنی ماتیلد و خودی ســاتەوەختی کوشــتنەکەی [02:13:50ـــــ02:19:52]، ســێکانســی بڕیاردان لەســەر ڕزگــارکردنی فیلیکس کە ژێربیە دەڵێت نــامەوێ کەســـــانی تریش تێدا بچن [01:26:58ـ01:29:25] و زۆر سێکانسی تر بکەین کە هەڵبەت ڕەنگە گرنگترینیان هەر ئەو دوو ســێکانســەی کوشــتنی خاینەکە و ماتیلد بێت. لە ســێکانســی کوشــتنی خاینەکەدا ئەندامان لەبەرامبەر دوو بژاردەی تاڵدان: یان هاوڕێ خاینەکەیان نەکوژن و چاوەڕێ بن

هاوڕێکانی تریشیان ئاشکرا بن و بەکوشت بچن، یان ئەوەی ئەو هاوڕێ دێرینەیان ــ کە هەڵەی کردووە ـ بە دەستی خۆیان بکوژن و گوناحی ئەو کارە بۆ هەتا هەتایە لەئەستۆیان بێت و ببنە بکوژ و قاتڵێکی هەمیشەیی؛ ئەمە ڕێک دۆخێکە کە یاسپێرس پێی دەڵێت دۆخی ســـنووریی گوناح، چونکە لە هەردوو حاڵدا ژێربیە و هاوڕێکانی هەســـت بە گوناحباری دەکەن و ناتوانن لەم هەستە دەرباز بن. ئەو ساتانەی کە لە خانووەکەدا کۆ بوونەتەوە و دەیانەوێت بڕیار بدەن هاوڕێکەیان چۆن بکوژن، بینەریش وەک ئەوان دەکەوێتە دڵەکوتە و دڵەڕاوکێوە و نیگەرانە چی بکرێت باشـــترە، بەڵام هەرچی دەکات هیچ ڕێگەیەکی پێ شـــک نایە کە بە «خاوێنی» دەرچێت و گوناحێک ڕوو نەدات؛ هەروەها دۆخی تاوانبارە خاینەکەش یەکجار دڵتەزێنە و لە هەموو ڕوخســـار و جەســـتە و هەڵســـوکەوتییەوە، ئەم دڵەڕاوکێ و ئازارە بەدی دەکرێت و بینەر دەکەوێتە ئەم فکرەوە کە ڕەنگە خودی ئەویش کاتێک تووشـــی ئەم خیانەتە بووە، لەنێوان دوو گوناحدا گرفتار بووبێت و تووشـــی ئەم گوناحەیان هاتبێت کە ئێســـتا دەبێت بە دانی گیانی، تێچووەکەی بداتەوە؛ بەڵام ئەمەی کە لێرەدا خودی کردەوەکەشـــی پڕئازارتر کردووە ئەمەیە کە هاوڕێکانی ناتوانن بڕیار بدەن بە چ شێوازێک بیکوژن کە تووشی دەردیسەر و گیران و ئاشکرابوون نەبن. لەو ماوەیەدا کە ئەندامان لەســەر شێوازی کوشتنی خاینەکە خەریکی ڕاوێژن و هیچ کامیان ئامادە نین بۆ وەئەســـتۆگرتنی گوناحی کوشـــتنی پێشـــقەدەم بن، تاوانبارەکە بەوپەڕی دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەوە چاویان لێ دەکات و چاوەڕێیە لەسەر چۆنیەتیی کوشتنی بڕیار بدەن. ئەمەی کە جێی سەرنجە ئەمەیە کە تاوان و گوناحەکەشی قبووڵ کردووە و هیچ دەنگ و هەڕا و پەلەقاژەیەک بۆ ڕزگارکردنی خۆی ناکات و تەنانەت لەو حاڵەشـــدا وا دیارە بەزەیی بە هاوڕێ دێرینەکانیدا دێت؛ ئەمە ئیتر ئەوپەڕی دۆخی ســـنووریی گوناحێکە کە یاســـپێرس ئاماژەی پێ دەکات و ڕەنگدانەوەی ئەم گوناحە بەســەر ڕوخســاری هەموویانەوە دیارە و تەنانەت خودی بینەرەکانیش بەتەواوی هەستی پێ دەکەن و لە نیگا و کردەوە و ڕاوێژ و قســەی کەســایەتییەکاندا، هەموو ئەو هەســتە هەبوونییە وەردەگرن. دەســکەوتەکانی ئەم تۆێژینەوەیە دەریدەخەن کە بەرخۆدان لەم فیلمەدا تەنیا کردەوەیەکی پاک و بێ لێکدژی نییە، بەڵکوو کردەوەیەکی تراژیکە کە بکەرەکەی ناچارە لێکەوتە ڕەوشتی و ئەخلاقییەکانی بڕیارەکانی خۆی قبووڵ بکات.

ســارتر لەســەر ئەم باوەڕەیە کە مرۆڤ ناتوانێت بەرپرســیارێتیی هەڵبژاردن و بڕیاردانی خۆی بخاتە ئەستۆی هەلومەرجی دەرەکی و لە ملی خۆی دای مالێت. ئەگەر ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەم دۆخە بگۆنجێنین و بەراوردی بکەین دەبینین کە هاوڕێیانی خاینەکە ناچارن لە قبووڵکردنی لێکەوتەی بڕیارەکەیان و هەر ئەمەش تووشـــی دڕدۆنگی و دڵەڕاوکێ و هەستی گوناحباریەکی لەڕادەبەدەری کردوون. ڕەنگە هەلومەرجی دەرەکی و داگیرکاریی ئاڵمان و ناچاربوونی بەرخۆدان و... هەلومەرجێکی واقعی بن، بەڵام لە کۆتاییدا ئەمە تۆی تاکی کە بڕیار دەدەیت کە هاوڕێیەکی دێرینت ـ کە بە هەر هۆیەک خیانەتی کردووە ـ سزا

بدەیت و دەشـــزانیت کە هیچ کام لەم هەلومەرجانە ناتوانن پاســـاو بن بۆ ئەمەی لەژێر بەرپرســـیاریێتیی کردەوە و گوناحەکەت، دەرباز بیت و خاوێن دەرچیت؛ بەڵام لەولاوە کامۆ لەســـەر ئەم باوەڕەیە کە ئەگەر بەرخۆدان و خەبات بۆ بەرگری لە بەهایەکی مرۆڤییش بێت، نابێت ببێتە هۆی لەناوبردن و کوشتنی بێسنووری خەڵک و ئەمەش خۆی بێئەخلاقییەکی زۆر گەورەیە. لێرەدایە کە ئەم لێکدژییە ئەخلاقییانە، بڕیاردانەکە دەگەیەننە ئەوپەڕی دژواری و ئەستەمبوون و بکەرانی ئەم بڕیارانە لە وەئەستۆگرتنی ئەم گوناحە ناچارە کە بە هەردوو لادا هەر گوناح و تاوانە، تووشی دواین ئاستی دڵەڕاوکێ و تۆقان دەبن.

ئەم پرســیارانە کە لە ڕوانگەی هەر ســێک فیلســووفەوە دێنە ئاراوە و دەروون و ناخی بکەرانی گوناحەکە دەکوڵن ئەمانەن: کام یەک لەم بڕیارانە بدەین، بیکوژین و تاوان و گوناحی کوشتن بخەینە ئەستۆی خۆمان و هەتا هەتایە بە ئازاری ویژدانیی ئەم تاوانەوە بژین و هەمیشــە وەک بکوژێک خۆمان ببینین، یاخود نەیکوژین و گیانی ئەندامانی ترمان بخەینە مەترسییەوە و بەگشــتی هەموو ڕەوتی بەرخۆدان و خەباتەکە تووشــی داڕمان و لەناوچوون بکەین؟ ئایا هەر من وەک تاک بەرپرســـی ئەم کوشـــتنەم ئەگەر ناچارم کەن بیکوژم، یان ئەوانی تریش کە ناچاریان کردووم ئەو ئەرکە لەئەســـتۆ بگرم؟ ئایا ئەوانیش بن، ئەمە دەتوانێت هەستی تاوانباربوونەکەم کەم بکاتەوە؟ ئایا بەگشتی ئەم بەرخۆدان و بەرگرییە بایەخی ئەمەی هەیە تا کۆتاییی ژیانم وەک قاتڵ و بکوژ بمبینن و خۆشـــم خۆم وا ببینم؟ ئێســـتا فەرقی من لەگەڵ بکوژەکانی نازی چییە؟ مەگەر ئەوانیش هەر مرۆڤ ناکوژن؟

ئەگەر لێرەدا بمانەوێت بەراوردێکی ڕای ئەم ســێ فیلســووفە لەســـەر ئەم دۆخە بکەین، دەتوانین بڵێین یاســپێرس پێی وایە ئەمە دۆخی ســنووریی گوناحە و لە هەردوو حاڵەتدا تاک هەســـت بە تاوانباری دەکات و ناتوانێت لەم هەســـتە دەرباز بێت و لێرەدایە کە ســـنووردارباوونی وجوودیی مرۆڤ دەردەکەوێت و ئاشـــکرا دەبێت کە ئەم بڕیارانە بڕیارێکی ئاسایی نین و خودی هەبوونمان وەک مرۆڤ لێرەدا بەربەست و سنووردەکانی دەردەکەوێت. یاســـپێرس دەڵێت کاتێک مرۆڤ لەگەڵ ئەم دۆخە ســـنوورییە ڕووبەڕوو دەبێتەوە و ناچار دەبێت بڕیاری هەبوونی دەربکات، دەبێتە مرۆڤێکی بەرزەشـــوێن، بەڵام ئەمەی لێرەدا ئێمەی بینەر ئەزموونی دەکەین، ڕەنگە ئەمە نەبێـت، بەڵکوو هەســـتی گوناحبارییەکی بێسنووردە کە ناخی کەسایەتییەکان دەکوڵێت و دەڕووخێنێت. سارتر پێی وایە جیا لەمەی لە دەرەوە چی بووەتە هۆی ئەوەی تووشـــی ئەم هەڵبژاردنە تاڵە بین، دیســانیش ناتوانین خۆمان بە بەرپرس نەزانین و هەتا هەین بەرپرســی ئەو بڕیارەین کە دەریدەکەین و دەبێت وڵام بدەینەوە؛ ئەم بۆچوونەی ســـارتر لێرەدا زۆر گونجاوە و خۆمان بە چاو دەیبینین کە کەسایەتییەکان تا چ ڕادەیەک هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن و ناتوانن هیچ پاســـاوێک بۆ کارەکەیان بخەنە ڕوو کە تێیدا خۆیان بێتاوان دەرخەن.

کامۆش دەڵێت ڕاســـتە کە لە ڕەوتی بەرخۆدان و خەبات بۆ بەرگری لە ئەخلاقدا ڕەنگە تووشـی هەڵبژاردنی تاوانی ئاوا بین، بەڵام دیسـانیش بۆمان نییە بە شـێوەیەکی بێسـنوور تووشـــی بێئەخلاقی دەرحەق بە مرۆڤایەتی ببین و ئەمە ئیتر پاســـاوهەڵگر نییە، بەڵام پرسیار ئەمەیە کە ئەو سنوورە لە کوێیە و کێ دیاریی دەکات؛ واتە سەبارەت بە ڕوانگەی کامۆ، مرۆڤ ناتوانێت بە وڵامێکی یەکلاکەرەوە بگات کە ئایا ئەو ســنوورە ئەو کوشــتنە دەگرێتەوە یان نا. لێرەدایە کە بیردۆزی سارتر بە جۆرێک بەهێزتر دەردەکەوێت و نیشان دەدرێت کە بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی ئەخلاقی لێرەدا دەســـت ناکەوێت و مرۆڤ لەم حاڵەتی هەڵواسـرانە ڕزگاری نابێت. لێرەدایە کە تاک خۆیەتی و خۆی؛ خۆیەتی و هەسـتی گوناحباریی تاوانێک کە کردن و نەکردنی تووشی ئازارێکی بێسنوورت دەکات.

4.4. ئازادی: هەڵبژاردن یان زۆرەمل؟

وەک پێشــتر باســمان کرد یەکێک لە پرســیارە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمە بوو کە چەمکی ئازادیی هەڵبژاردن و قبووڵکردنی بەرپرسـیارێتی لە کارەکانی کەسـایەتییەکاندا چ پێوەندییەکی لەگەڵ ڕوانگەکانی سـارتر هەیە و لەگەڵی دەگونجێن یان نا. کاتێک دەڕوانینە فەزای گشتیی فیلمەکە، هەر لە سەرەتاوە دەبینین کە کەسایەتییەکانی فیلم وەک بڕیارێکی پێشـــینی لە دۆخی بەرخۆدان و خەباتدان و هەڵبژاردنی پێشـــتر لەنێوان ئەنجامدان یان ئەنجـامنەدانی بەرخۆدان بە هیچ شـــێوەیەک بـابەتی بەر بـاســـی فیلمەکە نییە؛ واتە بەرخۆدانکردن بابەتێکی پێشـــنی نواندراوە و جێی پرســـیار نییە، بەڵام ئایا لە کۆی فیلمەکەدا کەسایەتییەکان هیچ ئازادیی هەڵبژاردنێکیان نییە و هەموو بڕیارەکانیان لەڕووی ناچارییەوەیە؟ بۆ وڵامی ئەم پرسـیارە، پێویسـتە هەندێک زیاتر سـەرنج بدەینە دیمەن و ڕووداوەکانی فیلمەکە. لەم فیلمە لە چەندین شـــوێندا تێڕامان و دڕدۆنگی بۆ هەڵبژاردن دێتە ئاراوە، بەڵام بژاردەکان هەم یەکجار کەمن و هەم زۆر دژوار. ڕاسـتە کە هاوڕێکانی ماتیلد لەنێوان کوشـــتن یان نەکوشـــتنی ماتیلددا تووشـــی باس و چەلەحانە و دڕدۆنگین، بەڵام هیچ بڕیارێکیان ناتوانێت ڕەزامەندییان پێک بێنێت و لە هەردوو لادا خۆیان وەک دۆڕاو و تێکشکاو دەبینن. بەگشـتی فەزای فیلمەکە بە جۆرێک نییە کە هیوایەکی ئەوتۆ بۆ سـەرکەوتن بخاتە ڕوو و کەسـایەتییەکان بەردەوام تووشـی هەڵبژاردن لەنێوان خراپ و خراپتردان و دڵنیـاش نین لەوەی کـام یەک لە بژاردەکـانیـان خراپترە. بژاردەکـانی بەردەســتیش ئەوەندە کەم و خراپن کە بینەر تووشـــی ئەم پرســـیارە دەکەن «ئایا ئەمە بەڕاستی هەڵبژاردن و ئازادییە؟» ڕاستە کە هەڵبژاردن بوونی هەیە، بەڵام بژاردەکان هەم زۆر کەمن و هەم زۆر نەڕێنی و خراپ، تا ڕادەیەک کە ڕەنگە وەک بژاردە نەیەنە بەرچاو و زۆرتر وەک ناچاری و زۆرەملیان ببینین. ڕاســتە کە هاوڕێیانی ژێربییە کاتی کوشــتنی خاینەکە دڕدۆنگن و خۆیان لەنێوان دوو بژاردەدا دەبینەوە: ســـزای بدەن و هەمیشـــە خۆیان وەک بکوژ ببینن، یان ســـزای نەدەن و هەموویان بکەونە مەترســـیی کوژران و لەناوچوونەوە، بەڵام ئەم ئازادیی هەڵبژاردنە فڕی بەســـەر ئەو ئازادییەوە نییە کە ڕەنگە

زۆربەمان لەم چەمکەوە دێتە نێو مێشـــکمان. ئەم ئازادییە هەڵگری هەڵبژاردنێکی زۆرەملە لەنێوان دوو خراپەدا کە مرۆڤ تێدا دۆش دادەمێنێت کامیان خەســـاری کەمترە؛ هەڵبەت هەرگیزیش بە بڕیار و ئەنجامێکی دڵنیاکەرەوە ناگات. ئیمکانی هەڵبژاردنەکانی ئەم فیلمە، دەرخەری مـانـای ئـازادی بەو واتـایەی لە مێشـــکی جەمـاوەردایە، نییە؛ ئەم ئیمکـانـانە کۆمەڵێک ئیمکانی زۆرەملن کە تاک هەرگیز نایەوێت هیچیان هەڵبژێرێت، بەڵام ناچارە هەڵبژاردنێکی هەبێت و لەپێنـاو لێکەوتە تـاڵەکـانیشـــیـدا ڕاوەســـتێت. ئەمە ئـازادیی هەڵبژاردنێکی زۆرەملە بە خراپترین و تـاڵترین لێکەوتەوە کە تـاک لەترســـی بەرپرســیارێتییەکەی و لێکەوتەکەی تووشـی دڵەڕاوکێ و دڕدۆنگییەکی بێســنوور دەبێت؛ هەر بۆیە دەبێتە دۆخی ســـنووری و وەک یاســـپێرس دەڵێت مرۆڤ دەگاتە ســـنووری هەبوونی خۆی و ناچارە بڕیاری هەبوونی دەربکات.

5.4. بەرخۆدان: قارەمانێتی یان یاخیبوون؟

ئەگەر کەســـێک بەرخۆدانی کەســـایەتییەکانی فیلمەکە ببینێت و تێ بگات کە هیوای ســـەرکەوتن چەندە کەمە و خۆشـیان لەمە ئاگادارن، ڕەنگە بۆی ببێتە پرســیار «کەوایە بۆچی خۆڕاگری و بەرخۆدان دەکەن؟!». کاتێک ژێربیە لە دالانەکەدا دووداڵە ڕا بکات یان لەجێی خۆی بوەستێت، ئەم پرسیارە مێشکی مرۆڤ دادەگرێت، ئایا تەسلیمبوون باشتر نییە لە ڕاکردن و بەرخۆدانێک کە هیچ ئەنجامێکی بۆ وێنا ناکرێت؛ ئەگەریش تەسلیمبوون هەڵبژێرێت، ئایا ئەمە تەســـلیمبوونێکی خوێڕییانەیە لە بەرامبەر هەڕەشـــەی مەرگ، یان قارەمانێتی و یاخیبوونە دژی ئەم هەڕەشـــەیە و ئەوپەڕی بوێرییە! کاتێک هاوڕێیانی ژێربیە دەگیرێن و ئەشـــکەنجە دەدرێن و هەموو ئازای ئەندامیان بریندار و شـــکاو و کوتراوە، دیســـانیش ئەم پرســیارە دێتە مێشـکەوە کە کاتێک مەرگ و کوژران هەمیشـــە لەبەر چاوە، بەڕاستی بەرخۆدان لەپێناو چی! ئایا هیچ هیوایەک هەیە؟! ئایا هیچ ئەنجامێکی ئەرێنیی دەبێت؟! و گرینگترین پرســـیاریش ئەمەیە کە: «ئایا ئەم کەســـانە کە لەم دۆخە کارەســاتاوییەدان و مەرگیان تا ڕادەیەکی زۆر مسـۆگەرە، خۆیان وەک قارەمان دەبینن و بۆ ئەوە بەرخۆدان دەکەن کە وەک قارەمانێک چاویان لێ بکرێت، یاخود دژی ئەم دۆخە پڕکارەسات و کۆیلەسازەی کە تێیدان و هیچ دەرەتانێک نابینن، گیانیان خستووەتە بەری دەستیان و یاخی بووگن؟» ئەگەر بڕوانینە قسە و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکانی فیلمەکە هیچ نیشانەیەک نابینین کە بیانەوێت وەک قارەمان دەرکەون و تەنانەت بیر لە شتی واش بکەنەوە، بەڵکوو پتر دەردەکەوێت کە چارەیەک جگە لەم هەڵسوکەوتە نادۆزنەوە و ڕەنگە وێژدانیان بەرەو ئەم هەڵوێســتەی بردبن کە ئیتر ئەم ســووکایەتییانە قبوڵ نەکەن و بۆ ڕزگـارکردنی وڵاتەکەیـان تێ بکۆشـــن، هەرچەنـد تـا ڕادەیەکی زۆر دڵنیـا بن کە تێیـدا دەکوژرێن و هەمیشـــە حەبێکی ســـیانووریش هاوڕێیان بێت. ئەمە پتر لەوەی خواســـتی قارەمانێتی بێت، ســـەرهەڵدان و شـــۆڕشـــێکە دژی بێمانایی و بێدەرەتانی. لێرەدایە کە

ئەندێشـــەی کامۆ زۆر بەجوانی دێتە ئاراوە و بۆمان دەردەخات یاخیبوون دژی دۆخی بێمانا و ناچارکەر چەندە گرنگە، بەڵام ئایا هەموو بەرخۆدانێک یاخیبوونە؟

بۆ ئەوەی بەرخۆدان وەک یاخیبوون بناسرێت پێویستە چەند تایبەتمەندیی هەبێت: بەر لە هەموو شـت پێویسـتە بەرخۆدان لە بەرامبەر دۆخێک بێت کە تاکەکان سـووک دەکات و دەیانچەوسـێنێتەوە: ئێمە لەم فیلمەدا دەبینین کە نازییەکان زیاتر وەک کەرەسـتە و ئۆبژە چاو لە فەڕەنسـییەکان دەکەن و جگە لەوەی وڵاتەکەیان داگیر کردوون، بەڕاسـتی سـووکیان تماشـا دەکەن. وەک ژێربیە دەڵێت ناچاریان دەکەن وەک کەرووشک لە ترسـی مردن و کوژران بەدەسـت نازییەکان ڕا بکەن. تایبەتمەندیی دواتر ئەمەیە کە تاک بۆ پاراستنی بەهایەک بەرخۆدان بکات کە سەروەتر لە بەرژەوەندیی کەسیی خۆی بێت. لەم فیلمەدا ئەم تایبەتمەندییە زۆر بەڕوونی دیارە و سـپای سـێبەرەکان خۆیان لەپێناو پـاراسـتنی کەرامەتی مرۆڤی و وڵات و ئـازادییـان بەخت دەکەن کە ئەمـانە هیچیـان ڕاسـتەوخۆ بەرژەوەندیی تاکیی ئەوان نین. تایبەتمەندیی تر ئەمەیە کە تاک سـەرەڕای ئەمەی دەزانێت ڕەنگە سـەر نەکەوێت و تێک بشـکێت و بکوژرێت، دیسـانیش دەسـت لە هەوڵ و تێکۆشـان نەکێشـێتەوە. لەم ڕوانگەیەشـەوە بێگومان کەسـایەتییەکانی فیلمەکە بەڕوونی دەزانن ئەگەری کوژران و تێکشکانیان یەکجار زۆرە، بەڵام دیسانیش دەست لە تێکۆشان و خەبات ناکێشنەوە.

بەگشـتی ئەگەر ئەم تایبەتمەندییانە وەک تایبەتمەندیی کەسـایەتیی یاخیی کامۆیی بناسـین و بزانین، کەسـایەتییەکانی فیلمی سـپای سـێبەرەکان خەریکی ئەوپەڕی یاخیگەرێتین و نموونەی تەواوی ئەم چەمکەن، نەک قارەمـانی نەریتیی بەرخۆدان؛ هەڵبەت ڕەنگە دواتر خەڵک وەک قارەمـانی بەرخۆدان چـاویـان لێ بکەن، بەڵام لە فیلمەکەدا ڕوونە کە خودی ئەوان هیچ بیر لە شتی وا ناکەنەوە و تەنانەت کاتێک بۆ ڕزگارکردنی هاوڕێ گیراوەکەیان خۆیان دەخەنە مەترسـییەوە، هیچ بیر لە قارەمانسـازی لە خۆیان ناکەنەوە، بەڵکوو تەنیا دەیانەوێت دروستترین بڕیاریان دابێت.

6.4. سنووری بەرخۆدان و پووچی

ئەم فیلمە لەنێوان «سـەرکەوتن» و «مانادارەبوون» و پێچەوانەکەی، واتە «تێکشـکان و دۆڕان» و «بێمانایی و پووچی» جیاوازی دەخات؛ ڕەنگە بەرخۆدانەکەی لە کۆتاییدا و بە شێوەی کردەکی تێک بشکێت و بە ئەنجامی خوازراو نەگات، بەڵام ئەم تێکشکان و دۆڕانە مەرج نییە کارەکە بێبایەخ و بێمانا بکات. لە فیلمەکەدا زۆر جێگا دەبینین کە کەسایەتییەکان خەریکن ڕادەمێنن و بیر دەکەنەوە ئـاخۆ چی بکەن: درێژە بە بەرخۆدان بـدەن، یـان نـا. نموونەی بەرچاوی ئەم بابەتە ئەو کاتەیە کە ژێربیە لە دالانەکەدا ڕادەوەستێت و تەنانەت گوللەشـی لەبەر پێی دەتەقێننەوە ڕا ناکات. [01:54:10ـــــ01:58:20] ئەو تێ ماوە کە درێژە بە بەرخۆدانەکە بدات یان نا.

هەر وەک کامۆ لەســـەر ئەم باوەڕەیە، ڕەنگە جیهان بۆ بانگەوازی ماناخوازیی ئێمە هیچ وڵامێک نەداتەوە، بەڵام دیسانیش هەوڵدان و تێکۆشان، وەک جۆرێک یاخیبوون لەهەمبەر ئەم بێمانایییە، بە ژیان مانا دەبەخشـــێت و کارێکی بەنرخە. ڕەنگە لە کۆتاییی فیلمەکەدا بڵێین باشــە خۆ ژێربیە و هاوڕێکانی هەر هەموویان هەر کامەی بە شـێوەیەک کوژران و لەناو چوون، دەی ئێستا ئەم هەموو هەوڵە بەکاری چی هات. لە ڕاستیدا خودی ژێربیە و هاوڕێکانیشــی دەیانزانی هەر ئانوســات ڕەنگە بگیرێن و ئەشــکەنجە بدرێن یان بکوژرێن، بەڵام بەڕوونی دیــارە کە بە چــاوی کراوەوە بەرخۆدانیــان هەڵبژاردووە بەســـەر خۆشــاردنەوە و خۆدزینەوە لە هەڵوێســتگرتن. لە ڕاســتیدا ئەم فیلمە نموونەیەکی تەواوە لەمەی کە تێکشـــکان و تەنانەت ئاگاداربوون لەویش، نیشـــانەی پووچی و بێمانایی نییە؛ ئەمەی مــانــا دەبەخشـــێت بە ژیــان، یــاخیبوونە لە بەرامبەر ئەم دۆخە و ئەنجــامــدانی کردەوەیەک کە هەســـت دەکەیت دروســـتە؛ هەر بەم هۆیەیە کە دوای دیتنی فیلمەکە، سەرەڕای ئەوەی خەمێکی قوڵ دامان دەگرێت، لەناخی خۆماندا لەگەڵ بەرخۆدانی ئەوان هاوڕاین و پێمان وایە لەگەڵ تێکشکان و دۆڕانەکەشدا، هەر ژیانێکی پڕمانایان هەبووە و دەبنە قارەمانی زەینمان. لێرەدایە کە چەمکی قارەمان تۆزێک لە مانای نەریتی و کۆنی دوور دەکەوێتەوە و تێ دەگەین کە قارەمانێتی بەر لەوەی یەکســان بێت بە ســەرکەوتن، یەکسانە بە هەوڵدان و تێکۆشان و یاخیبوون لە بەرامبەر بێمانایی و پووچیدا.

7.4. ژێربیە: کەسایەتییەکی یاسپێرسی، سارتری یان کامۆیی؟

ئەگەر بڕوانینە چۆنیەتیی دارشـــتنی کەســـایەتیی ژێربیە و ڕەهەندە جیاوازەکانی شـــی بکەینەوە، دەتوانین ئەم کەسـایەتییە لەگەڵ بیردۆزەکانی هەرسـێک فیلسـووفی بەر باسـی ئەم وتارە بگونجێنین و هەڵسەنگێنین، بەڵام لە ڕەهەندی جیاوازەوە.

لە ســـەرەتای فیلمەکەدا و دوای ڕێژەی ســـەربازەکان، دەبینین کە خەریکن بە ماشـــێن ژێربیە بۆ زینـدانێـک ڕادەگوێزن؛ کە دەڕوانینە چۆنیەتیی دانیشـــتن و چـاولێکردن و هەڵسـوکەوتەکانی، ئەوەی سـەرنجمان ڕادەکێشـێت ئەمەیە کە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانێت گیراوە و ئەگەری هەیە هەر بەڵایەکی بەســـەر بێنن، بەوپەڕی لێبڕاوی و وڕە و ئیرادەوە دانیشـتووە و چاو لە هەڵسـوکەوتی فاشـیسـتەکان دەکات و هەوڵ دەدات هەڵسـوکەوتی گونجاو لە خۆی نیشـان بدات؛ ئەمەش بەو هۆیەیە کە ژێربیە هەر لە سـەرەتاوە لە دۆخی سنووریی بەرخۆدان و خەباتدایە و ئەگەری مەرگ و کوژران، ڕەنج و ئازاری زیندانیکران و ڕاگوێزران بۆ شـــوێنێکی تر بێ ئەوەی بتوانێ هیچ کـارتێکەرییەکی هەبێت، دۆخی بەرخۆدان و خەباتی بەردەوام و تەنانەت گوناحیش هەموویان هاوکات بۆ ئەم کەسایەتییە لە ئاراداندا؛ کەوابوو ژیانی ژێربیە ژیانێکە تژی لە دۆخی ســـنووری و تێیدا ڕەوشـــی ئاساییی زۆر کەم دەبینرێت، یان لانی کەم لە فیلمەکەدا بەشی ژیانی ئاساییی ئەو پیشان

نادرێت؛ ژێربیە لە تەواوی ئەم فیلمەدا لە دۆخی ســـنووری تێ ناپەڕێت، بەڵکوو تێیدا دەژیێت. ئەم دۆخە، ناچاری دەکات لەگەڵ ئیمکانە هەبوونییەکانی خۆی ڕووبەڕوو بێتەوە و بەرپرســایەتیی هەڵبژاردنەکانی لەئەســتۆ بگرێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەمەی کە لە ژێربیەدا دەیبینین، «زاڵبوون بەســەر دۆخی سنووریدا» نییە، بەڵکوو کرانەوەیەکی ئێگزیستانسییە لە دڵی دۆخی سنووریدا. (ثقفی و اردشیری نیا، 1400) لێرەدایە کە مەسەلەی هەڵبژاردن و بەرپرســیارێتیی ســارتر دێتە ئاراوە. ژێربیە وەک ســەرۆکێک لەم فیلمەدا بەردەوام ناچارە ئەســتەمترین بڕیارەکان دەربکات و هەڵبەت بەرپرســیش بێت لە بەرامبەر ئەم بڕیارانەیدا. لووتکەی ئەم دۆخە ئەو کاتەیە کە دەیانەوێت بڕیار بدەن لەســەر کۆشــتن یان نەکوشتنی ماتیلد. لەوێدا ژێربیە دەکەوێتە دۆخێکی یەکجار ئەستەمەوە و ناچارە بڕیارێکی زۆر قورس دەربکات: یان دەبێت لێ گەڕێت هاوڕێیانی تریشی پێوە بن و گیانیان بکەوێتە مەترســییەوە، یان دەســتووری کوشــتنی ماتیلد بدات کە ڕەنگە دوای خۆی، قورســترین وەزنەی گرووپەکەیەتی. دەرکردنی بڕیاری کوشـــتنی ماتیلد دەبێتە هۆی هەڵبەزینەوەی هاوڕێکانی و تەنانەت هەڕەشــەی کوشــتنی لێ دەکەن و بە بەرپرســیاری دەزانن: ئەمەیە دۆخی تاڵی ئازادیی هەڵبژاردن و قبوواڵکردنی بەرپرســیارێتییەک کە ژێربیە تێدایە. ژێربیە ناچارە یەکیان هەڵبژێرێت، بەڵام بۆ هەر کامیان قورســترین بەرپرســیارێتیی ســەبارەت بە ژیان و گیانی ئەوانی تر دەکەوێتە ســـەر شـــان. ئەم دۆخە کە ئەو تێیدایە و ناچارە ســەبارەت بە ژیانی ئەوانی تر بڕیار بدات ڕێک ئەمەمان بیر دەخاتەوە کە ســارتر دەڵێت «ئەوی تر دۆزەخە». (ســارتر: 1327: 15) واتە قبوواڵکردنی بەرپرســیارێتیی ئەوی تر و پێملبوون بەوەی کە ئەوی تر هەمیشـــە چاوی لە هەڵســـوکەوت و بڕیارەکانمانە و هەڵی دەســـــەنگێنێت، ژیــانمــان لێ دەکــات بە دۆزەخ. لووتکەی ئەم وێنەیە ئەو کــاتەیە کە لە زیندانەکەدا پاکەتی ســیگارەکەی دەردێنێت و ڕادەســتی هاوڕێکانی دەکات و دەســت بە دەســـت دەیگێڕن و هەر کامەی دانەیەک دەردێنێت و کاتێک دەگاتەوە خۆی، هیچی تێدا نەماوە. [01:50:05ـــــ01:51:10] لێرەدا وێرانگەربوونی ئەم هەســتی بەرپرســیارێتییە بەڕوونی دەبینین. کــاتێــک چەنــد خولەکی تر دەکوژرێن و تەنیــا هێورکەرەوەی ئەم دنیایەیان ڕەنگە کێشــانی ســیگارێک بێت، بەڵام ژێربیە بەهۆی هەســتی بەرپرســیارێتییەک کە ســـــەبــارەت بەوانی تر هەیەتی لەم بژاردەیەش بێبەش دەبێــت و ئەوانی تر و بەرپرسیارێتییان لێی دەبنە دۆزەخێکی ڕاستەقینە و سنووردارکەری ژیان.

ئەگەر لە دەلاقەی بیردۆزەکانی کامۆشـــەوە بڕوانینە ژێربیە و کردەوەکانی، لە ڕاســـتیدا ژێربیە نموونەی تەواوی ئەو یاخییەیە کە لەگەڵ ئەوەشـــــدا کە ئاگاداری ئەگەری زۆر بەقەوتی کوژرانی خۆی و لەناوچوونی کۆی ســپاکەیەتی، دیســانیش درێژە بە بەرخۆدان دەدات و هەرگیز بێهیوا نابێت و پەســـیڤبوون هەڵنابژێرێت. ژێربیە یاخییەکی کامۆییە کە لەوپەڕی بێمانایی و بێدەرەتانیدا دیســـــانیش ســـــەر هەڵدەبڕێت و یاخی دەبێت و مانا دەخوڵقێنێت؛ کەوابوو ژێربیە پتر لە هەموان یاخییەکە دژی بێمانایی و پووچی ســـــەر

هەڵدەبڕێت و لە ئەستەمترین دۆخەکانی ژیاندا بڕیاری هەبوونی دەردەکات و بەرپرسیارێتییەکەشی لە ئەستۆ دەگرێت.

8.4. کۆتاییی فیلم: تێکشکان، مەرگ و مانای بەرخۆدان

کۆتاییی فیلمەکە بە کۆمەڵێک نووسراوە تەواو دەبێت کە تێیدا باسی چارەنووسی کۆتاییی هەموو کەسایەتییە سەرەکییەکانی فیلمەکە دەکرێت: یەک تیرۆر دەکرێت، یەک لەژێر ئەشکەنجەدا دەکوژرێت، یەک هەڵدەواسرێت و خودی ژێربییەش ئەمجارەیان لە دالاّنەکەدا ڕا ناکات و هەر لە جێدا دەکوژرێت. [02:19:55___02:20:48] پرسیار ئەمەیە ئایا ئەم کوژران و لەناوچوونە واتە بێمانایی بەرخۆدان؟ ئایا کردن و نەکردنی بەرخۆدان بەهۆی ئەم بەئامانجنەگەیشتنە هەر وەک یەک وا بووە؟ لێرەدا وەک کۆکردنەوەی دەسکەوتەکان و شیکردنەکەوەی کۆتاییی فیلمەکە و ولاّمی ئەم پرسیارانە پێویستە ڕوانگەی هەرسێکی ئەم بیرمەندانە پێک بگرین و پێکەوە باسیان بکەین.

ئەگەر یاسپێرس لەبەر چاو بگرین دەڵێین ئەم کەسانە لە دۆخی سنووریی هەمیشەییدا بوون و ناچار لەگەڵ سنووورە کۆتاییەکانی هەبوونیان ڕووبەڕوو ببوونەوە، بۆیە دەبوو بڕیار بدەن و دەست بدەنە کردەوە؛ ئیتر ئەنجامی کردەوەکە هەر شتێک بووبێت بەهەر حاڵ دەریخستووە کە مرۆڤ لێرە بەولاوەتر ناتوانێت هەنگاو بنێت و ئەمە ئیتر دوا سنووری توانای مرۆڤە کە بە هەبوونی خودی مرۆڤەوە گرێ دراوە. ئەم سنوورانە دەریدەخەن کە هەبوونی مرۆڤ سنووردارە و تا ئێستا ژیانی ڕۆژانە لەبەر چاوی ونی کردبوو، بەڵام ئیتر ناتوانێت خۆی لێ بدزێتەوە.

لە ڕوانگەی سارتریشەوە ئەگەر کەسایەتییەکان لە ئەستەمترین دۆخیشدا بووبن و کەمترین بژاردەشیان لەبەر دەست بووبێت، دیسانیش هەر توانای هەڵبژاردنیان بووە و ناتوانن بە هیچ بیانوویەک خۆیان لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی ئەم هەڵبژاردنانە بدزنەوە. ئەگەر وەک کامۆش چاوی لێ بکەین، تەنانەت ئەگەر تاکەکان ئاگاداریش بووبن کە بەرخۆدانەکەیان بە ئەنجام ناگات و تێک دەشکێت، دیسانیش درێژەیان بە بەرخۆدانەکەیان داوە و ئەمە هەمان یاخیبوونە دژی بێمانایی.

بەگشتی لە دنیای فیلمی سپای سێبەرەکاندا بەرخۆدان تەنیا لەبەر ئەمە بەنرخ نییە کە بێئەملاوئەولا سەر بکەوێت، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە کەسایەتییەکان کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخێک کە ئیمکانی ژیانی لێ سەندوون، سەر هەڵدەبڕن و ناهیڵن کەڕامەتی ئینسانییان بکەوێتە ژێر پێوە و وەک ئۆبژە و کەرەستە چاویان لێ بکرێت؛ ئەم کەسانە دەیانەوێت سووژەیەکی بکەر بمێننەوە، نەک سووژەیەکی پەسیڤ یان ئۆبژە. لە فیلمەکەدا جوانترین دیمەن بۆ سەلماندنی ئەم ئیدعایە، ئەو کاتەیە کە ژێربیە ڕا ناکات [01:54:50___01:58:20]. ژێربیە خۆی دەڵێت من نەمدەویست وەک ئاژەڵێک

(کەرویشکێک) لەترسی مەرگ ڕا بکەم و بۆ پاراستنی چەند چرکە زیاتری گیانم، خۆم دابەزێنم. وەک لە کۆتاییی فیلمەکەش باس دەکرێت، دواجار کە ژێربیە قۆڵبەست دەکرێتەوە و دیسان دەیبەنەوە دالانەکە، ئەمجار ڕا ناکات و خۆی دانابەزێنێت و هەر لەوێ گیانی بەختی ئازادی دەکات. ژێربیە و هاوڕێکانی دەزانن ئەگەری کوشتنیان زۆرە، بۆیە هەمیشە چەند حەبی سیانووریان پێیە لە کاتی گیراندا بیخۆن و خۆیان ڕزگار بکەن. واتای گشتیی ئەمانە ئەوەیە کە مەرگ دۆخێکە کە باڵی وەسەر کۆی فیلمەکە و بەرخۆدانەکەدا کێشاوە و کەسایەتییەکان دەزانن و «ئاگادارن» کە ئیمکانی زۆرە بکوژرێن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەرخۆدان و خەبات هەڵدەبژێرن و دژی ئەم چارەنووسە سەرهەڵدەبڕن و یاخی دەبن.

5. دەرەنجام و پێشنیار

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی چۆنایەتی و بە بەکارهێنانی شیکاری و تەفسیری فیلم هەوڵی داوە جیهانی فیلمی «سپای سێبەرەکان» لەسەر بنەمای دۆخە سنووربییەکانی یاسپێرس و چەمکی ئازادی و بەرپرسیارێتیی سارتر و یاخیبوونی کامۆ بخوێنێتەوە و لێک بداتەوە؛ دەسکەوتەکان و لێکدانەوەیان دەریدەخەن فیلمەکە بەرخۆدان تەنیا وەک ڕووداوێکی سیاسی و سەربازی ناخاتە ڕوو، بەڵکوو ئەمەی دەیبینین بوونی بەردەوام و هەمیشەییە لە دۆخێکی سنووریدا. ئەگەر بەگشتی و لە لێنزێکی دوورەوە بڕوانین، کۆی جیهانی فیلمەکە جیهانی دۆخی سنووربییە و مەرگ، ئازار، گوناح و بڕیاردان بەردەوام لە ژیانی کەسایەتییەکاندا ئامادەن و کەسایەتییەکان بۆ تەنیا ساتێکیش لەدەست ئەم دۆخە ڕزگاریان نابێت؛ هەڵبەت مەرگ لە فیلمەکەدا تەنیا کۆتاییی ژیان نییە، بەڵکوو ئاسۆیەکی بەردەوامە کە هەڵوێست و بڕیارەکانی تاکەکان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە؛ هەروەها بەرخۆدانیش لەم فیلمەدا کردەوەیەکی بێ کێشە و لێکدژی نییە و دەتوانێت تاک بخاتە دۆخی گوناح و بەرپرسیارێتیی ڕەوشتیی قورسەوە.

جیا لەمانەش، لە فیلمەکەدا ئازادیی هەڵبژاردن بەتەواوی لەناو ناچێت، بەڵکوو بژاردەکانی تاک زۆر سنووردار دەبنەوە، هەر بۆیە خوێندنەوەی سارتر هێشتا بەسوودە، بەڵام دەبێت لە هەلومەرجەکەدا بخوێندرێتەوە، واتە سنووورە مێژوویی و ماددییەکان لەبەر چاو بگیرێن. ئەم ئازادیی هەڵبژاردنە، پێگەمەندە و بەپێی هەلومەرج دەبێت لەبەر چاو بگیرێت؛ کەواتە ئازادییەکە ئەو ئازادییە نییە کە بە شێوەی ئاسایی بیری لێ دەکەینەوە، بەڵکوو ئازادیی هەڵبژاردن لەنێوان چەند بژاردەی کەمدایە کە هەر هەموویان پڕن لە ئازار و بەرپرسیارێتیی تاڵ و هەستی هەمیشەیی تاوانباری و گوناحکاری.

بەرخۆدان لەم فیلمەدا لە یاخیبوونی کامۆیی نزیکە، چونکە کەســـایەتییەکان لە حاڵێکدا هەڵوێســـت دەگرن کە ئاگادارن ڕەنگە بگیرێن و بکوژرێن و هەموو کارەکەیان تووشـــی شـــکســـت بێت؛ بەڵام بەپێی کامۆ، تێکشـــکان و مەرگ، بەرخۆدانەکە پووچەڵ ناکاتەوە، بەڵکوو مـانـای بەرخۆدان لە خودی هەڵوێســـتگرتن، ڕەتکردنەوەی ســـووکـایەتی و وەئەســـتۆگرتنی بڕیارەکەدا دەبینرێت؛ بەم پێیە دەکرێت ژێربیە وەک کەســـایەتییەکی چەندڕەهەندی و لە هەرسـێک ڕەهەندی یاسـپێرسـی، سـارتری و کامۆیی بخوێندرێتەوە؛ هەڵبەت کۆتاییی تراژیکی فیلمەکەش ئەم ئەنجامە پشتڕاست دەکاتەوە کە لە جیهانی سپای ســـێبەرەکاندا قارەمانێتی بە واتای ســـەرکەوتنی بێئەملاوئەولا نییە، بەڵکوو پێوەندیی بەمەوەیە ئایا مرۆڤ توانای هەڵوێســـتگرتن و وەئەســـتۆگرتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خۆی هەیە یان نا.

هەڵبەت ئەم فیلمە هەڵگری تویژینەوە باسی زۆر زیاتر لەمەیە و گرنگترین بابەتگەلێک تویژەر پێی وایە دەکرێت تویژینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت، بریتین لە:

1. تویژینەوە فۆرمیک لەسەر فیلمەکە و بەراوردکردنی لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی.
2. پێکگرتن لەگەڵ میژووی ڕاستەقینە و هەڵسەنگاندنی ئاستی یەکگرتنەوەی ڕاستەقینەی.
3. تویژینەوەی تەنیا لەســـەر قارەمان لەم فیلمەدا و بەراوردکردنی لەگەڵ بەرهەمەکانی تری خودی ئەم دەرهێنەرە یاخود دەرهێنەرانی تر.
4. شـیکردنەوەی فیلمەکە لەسـەر بنەمای ئاسـتی پەسـیڤبوون یاخود چالاکبوونی سـووژە لە دۆخی بەرخۆداندا و...

«ئەم تویژینەوەیە هیچ پاڵپشتییەکی دارایی یان ماددیی دەرەکی وەرنەگرتووە».

6. سەرچاوەکان

سارتر، ژان پل. 1327. دوزخ. ترجمه مصطفی فرزانه. تهران: نقش جهان، ص 15

ثقفی، مریم؛ اردشـیری‌نیا، تورج (١٤٠٠). موقعیت‌های مرزی و هسـتی اصـیل انسـان در فلسفه‌ی یاسپرس. نشریه‌ی کلام و فلسفه، دوره‌ی ١، شماره‌ی ١

کسل، ژوزف. (1382). ارتس سایه ها. ترجمه قاسم صنعوی. تهران: گل‌آذین.

نیابت محمدزاده، مهران (١٤٠٢الف). ادبیات و سینما- بررسی تطبیقی رمان و فیلم ارتش ســـایه‌ها. اولین همایش بین‌المللی ادبیات، زبان‌شـــناســـی و علوم انســـانی، همدان. https://civilica.com/doc/1716819

ملویل، ژان‌پیر، کارگردان. ارتش ســـــایه‌ها [L’Armée des ombres / Army of Shadows]. فرانســـه و ایتالیا: Les Films Corona و Fono Roma، ۱۹۶۹، ۱٤٥ دقیقه.

نیابت محمدزاده، مهران (۱٤۰۲ب). بازنمایی مقاومت فرانســه در ســینمای ژان-پیر ملویل با بررســی موردی ســه اثر: ســکوت دریا، لئون مورن کشــیش و ارتش ســایه‌ها. اولین کنفرانس ملی مطالعات میان‌رشــته‌ای در ادبیات و هنرهای کاربردی، موســیقی، نمایش و سینما، تهران.

Baurenhas, K. (2016). Die Résistance im Kino Melvilles.

Biswas, P. C. (2017). Choice, responsibility and bad faith in Jean-Paul Sartre’s philosophy.

Grieder, A. (2010). Further Remarks on Boundary Conditions, Boundary Situations and Jaspersian Grenzsituationen.

Guigueno, V. (2001). Le visage de l’histoire. L’armée des ombres et la figuration de la résistance au cinéma. Vingtième Siècle. Revue d’histoire, 72, 79–88. https://doi.org/10.3406/xxs.2001.1414

Hillmann, G., & Wehinger, B. (2020). Camus, Albert: L’homme révolté.

Jaspers, K. (1932). Philosophie: Zweiter Band: Existenzerhellung. Berlin: Julius Springer.

Jones, A. (2024). Ethical cinematic memory: Responsibility and suffering in Le silence de la mer.

Lee, Y.-W. (2018). Representation of the Resistance in the French films: The Battle of the Rails, Army of Shadows and The Army of Crime. Korean Review of French History, (38), 239–286. https://doi.org/10.51786/RCHF.2018.02.38.239

Neto, W. D. (2019). O cinema de resistência de Jean-Pierre Melville. ArtCultura, 21(38), 149–162. https://doi.org/10.14393/artc-v21-n38-2019-50167

Novák, M. (2018). Karl Jaspers a jeho filosofie existence.

Paxton, R. O. (2011). Melville's French Resistance. The Criterion Collection.

Sartre, Jean-Paul. (1956). Being and Nothingness: Essat on Phenomenilogical Ontology. Translated by Hazel E. Barnes. New York: Philosophical Libratry

Sartre, Jean-Paul. (2007) Existantialism Is a Humanism. Translated by Philip Mairet. London: Methuen.

Tang, M. (2024). Research on Camus' Philosophy of Rebellion. Journal of Education, Humanities and Social Sciences, 38, 286–291. https://doi.org/10.54097/bd73dt48

Włodek, P. (2008). Trauma wojenna w filmach Jean-Pierre'a Melville'a. Kwartalnik Filmowy, 61, 88–100. https://doi.org/10.36744/kf.3277